ئەدەب و سیاسەت

ئەدەب و سیاسەت

(چەند وتارێکی ئەدەبی و سیاسی وەرگێڕدراو)

وەرگێڕانی

مەهدی ساڵح

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

MUKIRYANI

● **ئەدەب و سیاسەت**

(چەند وتارێکی ئەدەبی و سیاسیی)

● بابەت: وتار
● وەرگێرانی: مەهدی سالح
● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران ڕەواندزی
● بەرگ: ڕێمان
● ژمارەی سپاردن: (١٠٠٧) لە ساڵی ٢٠١١
● نرخ: (٢٠٠٠) دینار
● چاپی یەکەم ٢٠١٣
● تیراژ: ٥٠٠ دانە
● چاپخانە: چاپخانەی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٧٩٦)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

ئايا نوسين جۆرەكە لەشێتايەتی ؟

نووسین دەروازەیەکی پان وبەرین لەبواری جموجۆڵی مرۆڤی ئەم سەردەمە پێکدێت لێرەدا لێکۆلینەوەکە دەربارەی رۆمان و شانۆیە ، بەڵام مەرج نییە راوبۆچونی نووسەر رەها بێت بەڵکو دیدەکانی خۆی دەخاتە روو لەم بارەیەوە ، پێش ئەوەی بچێتە نێو باسەکە زانای دەروونناسی (سیمۆند فریدۆ) جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە (منی باڵا) یان ویژدان لای نووسەران و هونەرمەندان لاوازو کزە... لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی تازە لەلایەن زانایەکی ئەمەریکی بەنێوی دکتۆر (فیلیکس بۆست) لەم چەند مانگەی رابردوودا بەدیار کەوت جەخت لەمەڕ شێتایەتی نووسەرانی رۆمان و شانۆکان دەکات کە روویان کردۆتە لایەنی تلیاك کێشان و شێت بوون و خۆکوشتن و کزی پەیوەندیان لەگەڵ جیهانی دەرەوە ، کەچی ئەم رێژەیە بەلایەن شاعیرانەوە وانییە، بەڵکو زۆربەیان هاوسەنگییەکی باشیان لەنێوان بواری ئەقڵ و وەزیفەی کۆمەڵایەتی پەیداکردووە هەمیشە بەردەوامن بۆ پاراستنی ئەم پەیوەندیە. زانای ئەمەریکی دکتۆرێکی دەروونییە لەلێکۆلینەوەکەیدا ١٠٠ نووسەری ئەمەریکی و بەریتانی هەڵبژاردووە بۆ ئەم مەبەستە بەرای خۆشی پەیوەندیەك لەنێوان داهێنانی نووسین و

تێکچوونی شیرازەی ئەقڵ هەیە . جێی باسە ئەم زانایە لێکۆلینەوەکەی لەسەر نوسەرە مردووەکان کردووە بۆ ئەوەی تووشی ژانە سەر نەبێت و کاری دژایەتی رووبەرووی نەبێتەوە ، لەم بارەیەوە دەڵێ، ئەو هەوڵ و کۆششەی نووسەر تووشی گۆشەگیری و ماندووبونێکی زۆر دەکات لەپێناوی هەڵبژاردنی بابەتێك بۆ ئەوەی داهێنانە دەبتە هۆی گۆرانکاریەك لەدەمارەکانی مێشك بەواتایەك شێتایەتی لەنووسین شتێکی ئاساییە وەك ئەو یاریزانەی لەکاتی تۆپی پێدا دەست و قاچیان دەشکێت لێرەدا چەند پرسیارێك سەر هەڵدەدا لەوانە ئایا نووسین پاککردنەوەیە یاخود شتێکە بۆ ئەوەی بابەتەکان لەبیر بکرێن یان پردێکە بۆ دروست بوونی کێشمەکێشیەك ؟ کەروو بەڕووی نووسەر دەبنەوە ، ئایا ئەمانەش پێویستن بۆ خەونەکانی رۆمانتیکمان کەراستیەکن و پەیوەندی تەواویان بەخودی نووسەرو بونیەوە هەیە؟ زۆر لەزانایان دوای ساڵانێکی زۆر لە دەرکردنی هاوکێشیەکی زانستی و سەرکەوتن بەدینا هێنن ، کەچی نەمان زانیوە زانایەك لەم بارەیەوە لەواقیع رابکات و روو لەتلیاك کێشان و خواردنەوەو خۆکوشتن بکاتەوە.....ئایا ئەمەشیان پەیوەستە بەکاروباری زاماکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتیان ؟ کە زۆر پێچەوانەی هەیە لەگەڵ نووسەرێك هەست بەتەنیایی و خودی خۆی دەکات ....یان ئەم جۆرە کارەش پەیوەندی بەشێوازی دەرونی و جولانەوەی نووسەر هەیە؟ لەڕوانگەی ئەم لێکۆلینەوەیە هەندێ لەنووسەرانی بەریتانی وتیان شیعر زۆر ئاسانترە

لەرۆمان — رۆماننووسیش هەر بۆ خۆی نیوە شێتیەکە بۆ ئەوەی بتوانێ ماندووبونێك بچێژی بەو شێوەیەی نووسینەکەی پێویستیەتی ، بەلاّم هەندێکی تریان گالّتەیان بە (تیۆری) شێتی نووسەر دیچت و لایان وایە وایە پاشکۆیەکی ئەدەبیە ئاماژەیان بۆ ئەو رۆمانە کرد کە زۆر بەر بلاّون وەکو شتێکی ئاسایی و خاوەنەکانیشیان مرۆڤی ئاسایی بوونە. لەکۆتاییدا دەلّێین هەندێ لەنووسەران لەهەلّسوکەوتیان ئاسایی نین ئەمەشیان دەگەرێتەوە بۆ کاریگەری خودی نووسەرەکە خۆی و دەوروبەرەکەی بۆ ئەوەی بەم شێوەیە رەفتار لەگەلّ زۆرشتدا ئەنجام بدات.

بلزاك و كۆمیدیای مرۆڤایەتی

فریدریك ئەنگلس دەربارەی ئەدەبی (بلزاك) و گرنگیەكەی دەڵێ —(ماركس) شانازی بەكۆمیدیای مرۆڤایەتی دەكرد، ئەو كارە ئەدەبیەی ڕەنگدانەوەو باس لەقۆناغێكی مێژویی تەواو دەكات لەم رۆمانە زانیاریەكی زۆرم وەرگرت كە بارتەقای كاری هەموو مێژوونووسان و ئابوریناسانی ئەو سەردەمە بوو. (هاینریش هاینە) ی شاعیری ئەڵمانی هەر لەسەرەتاوە بایەخێكی زۆری بەئەدەبی (بلزاك) داوە. (ڤیكتۆر هۆگۆ)ی رۆمانوسی فەرەنسی لەكاتی بەخاك سپاردنی (بلزاك) گوتی ئەگەر ڕازی بێت یاخوود نارازی بێت دانەری ئەم كارە ئەدەبیە سەر بەنووسەرە شۆرشگێرەكانە. .. هەروا (بلیسخانۆڤ) ی ئابوریناسی رووسی پێی وایە ئەو نووسەرانەی لەدوای (بلزاك) هاتوون ئەو مندالآنە نەبون كە شایستەی باوكیان بن، (تۆڵستۆی) ئاماژەی بەوەداوە كە لەرێگای بلزاكەوە فێری نووسین بووە.... (مەكسیم گۆركی) یش دەڵێ بلزاك لە رۆمانسییەتە شڵە شاوەكەی رزگاری كردوە.

لێرەدا بابزانین ئەو نوسەرە كێیە كەهەموویان ستایشی ئەم كارە ئەدەبیەی دەكەن(بلزاك) لەپێشەكی رۆمانەكەیدا (دەڵێ) لەسەر بناغەی دوو كۆڵەگەی ڕاستیدا دەنووسم كەئاین و موڵكداری ڕەهایە...بەڵام نووسەر خاوەن سۆزێكی نیگەران و زانایەكی كۆمەڵناسی ساكار بووە و باوەری بەخۆشەویستی نەبوەو بەبەردەوامی بیری لەهێنەدی خەونێك دەكردەوە ئەویشیان ببێتە خاوەن موڵك. وێرای ئەمەش دەبێ لەبەرچی ئەو

هەموو نووسەرە ستایش و شانازی بە بلزاك دەكەن ؟ كەباوەری تەواوی بەمولّكداری رەها و كلێسە هەبووە. ئەنگس پێی وایە نووسەری كۆمیدیای مرۆڤایەتی ئۆرستۆكراتیەكەیخۆی ریسوا كردووە ئەمەشیان گەورەترین سەركەوتنی واقیعە. بلزاك لەریّگای نووسینەكانیدا هەولّی داوە وەك زانایەك دیاردەیەكی دیاریكراو بەشێوەیەكی وورد وەسف بكات یاخوود ویستویەتی زانایەكی سروشتی رۆمان بێت ین تەكانی نووسینی فەلسەفەی سروشتی كۆمەلّگا بدات... لەشوێنێكی تردا (دەلّێ) ئەگەر كۆمەلّگای فەرەنسی نووسەری مێژوو بێت ئەوا من دەبم بەسكرتێرەكەی... نووسەر بایەخێكی ئەتۆ بەخۆی نادا بۆ ئەوەی وەك نووسەرێكی ئەدەبی بەدیار بكەوێت جارێكیان رەشنووسی رۆمانی (پزیشكی گوندەكە) ی بۆ لای خوشكەكەی لۆرد سۆرفیل رەوانە دەكات بەو مەبەستەی كاری زمانەوانی بۆ راست بكاتەوە و نووسییویەتی (ئەگەر بكرێت دوو رستە لەیەك رستەدا كۆبكەیتەوە تكام وایە هەولّ بدەی سەر لەنویّ پێكهاتەی رستەكان بنوسیتەوە) .... بلزاك پێی وایە بەهرەو رەسەنایەتی هیچ بەهایەكی راستیان نییە ، بەلّكو دلّسۆزی بۆ واقیع و چوونە بنج وبناوانی بەشێوەیەكی زانستی راستیەكە دەسەلمێنیّ...هەروەها لەپێشەكی رۆمانەكەیدا دەلّیّ پێویستە یاسای جموجۆلّ و رێرەوی هەر كۆمەلّگایەك لەنێو خۆیدا سەرهەلّبدا.

خۆشەویستی لەرۆمانی (کۆمیدیای مرۆڤایەتی) جێگای خۆی کردۆتەوە، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی بلزاك لەرۆمانەکەیدا ژمارەیکی کەم لەئەڤیندارەکان دەخاتە روو.

کەسایەتیەکانی نێو رۆمانەکە دەبەنگ و مەکر بازن ناتوانرێ بەشێوەیەکی ئاسان شارەزایان بین، ئەمەشیان بۆ خودی بیروباوەری نووسەر دەگەرێتەوە(بلزاك) لەساڵی ١٨٣٢ نووسیەتی (ئایا ئایین بەهێزترین ئامرازی حوکم نییە بۆ تێگەیشتنی گەل بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیان لەخۆراگری ئازارەکان و کارە سەختەکانی بگات)... لەم روانگەوە بایەخێکی گەورە بەئایین و رۆڵی کۆمەڵایەتی کلێسە دەدات...

(کۆمیدیای مرۆڤایەتی) بەرهەمی نووسەرێکی رۆماننوسی نییە، بەڵکو کاری زانایەکی ماددیە، سەرجەم هێماو ناماقوولێیەکان بەلاوە دەنێت، و بابەتی خۆشەویستی و باوەرهێنان و بلیمەتی هەروەکوو خۆی دەخاتە روو. زۆرجار بەوردی دیاردەی کۆمەڵایەتیەکان و چارەنووسی خەڵکەکەی کە سەر بەچینی جیاوازن ئەوانەی لەشار یان لەلادێ دەژین وەسف دەکات...

بلزاك نووسەرێکە بۆ مێژوو یخود مێژوونووسی کۆمەڵگا دەبێ بخرێتە پاڵ ئەم نووسەرەو بەهەموو رێگایەکیش هەوڵ دەدات ئەم کارە بسەلمێنێ....

(بلزاك) رای وایە – نووسەری رۆمان دەبێ هەندێ ئامرازی هونەری بەکاربێنێ ، ئەمەشیان مافێکی سروشتی خۆیەتی ، سروشت بەبەردەوامی

لەو داهێنەرترە، هەروا سروشت چیرۆکەکەی بەرادەیەك ڕاستییەك کردۆتە بناغە و چۆنی دیتووەو هەستی پێکردووە دەیانخاتە ڕوو، ڕووداوەکان و کەسایەتیەکانی بەرهەم هێناوە و هەموو شتێکیش دەزانێ و خاوەن بەڵگەنامەیمێژوویییە، ئەگەر ناچار بکرێت پشتیان پێ دەبەستێ، هەرچەندە لەهەندێ جاردا تەواو نین- بەم هۆیەوە پەنا بۆ ئەگەرەکان دەبات — ئا بەم شێوەیە ڕۆماننوس وەك نووسەرێکی مێژوو هەوڵ دەدا هەندێ وشە بۆ رونکردنەوەی ڕووداوەکان بەکاربێنێ....

زۆربەی کەسایەتیەکانی (بلزاك) دەگەرێنەوە بۆ بەهرەو بلیمەتی خۆی، بەرۆحیەتێکی فراوانی نزیك لەشێتایەتی ڕۆمانەکانی دەنووسیتەوە، بەو مەرجەی دەوڵەمەند بێت. بەدرێژایی ژیانی لایەنە بەسوودەکانی کارەکەی هەڵسەنگاند ، جارێکیان لەگەڵ ئەو کەسەی کە رۆمانەکانی بڵاودەکردەوە کەوتە گفتوگۆ پاشان گووتی لەماوەی سەعاتێکدا باسی هەندێ بابەت دەکەین، کەسوودی نییە بۆیە دووسەد فرەنکم زەرەرکرد...

زۆرجاران(بلزاك) بیری لەوە دەکردەوە کەواز لەئەدەب بێنێ و ڕوو بکاتە کارێکی تر ، کە قازانجی زێتر بکات لەرووی ئابووریەوە ، هیچ ڕۆماننوسێکی سەردەمی خۆی یان ڕۆماننوسانی ئێستا وەك ئەو شارەزای لایەنی ئابوری نەبوون... لەماوەی ژیانیدا چاپخانەیەك وکارگەیەکی بچوکی کری بەو مەبەستەی بەخۆی بەرهەمەکانی چاپ بکات. و بڵاویان بکاتەوە . دەرهێنانی کانزا لەکانەکان کردارێکی گرنگ و بایەخدارە(بلزاك) رووی کدە (سقلیە) ی ئیتالیا بۆ کرینی کانەکانی زیو، بەڵام بەهۆی

کەمتەرخەمی بەر لەگەیشتنی یەکێکی تر مافی دەرهێنانی ئەو کانانەی کڕیبوو... لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو کانانە خەڵکانێکی زۆری دەوڵەمەند کرد، هەروەها ئەو ئەوکاتەی لەئۆکرانیا بووە لەرێگای نامەکانیدا بەدیار کەوتووەکە(بلزاك) بیری لەوە کردۆتەوە کە داری بیناسازی لەم وڵاتە زۆر هەرزانەو ئەگەر ڕەوانەی فەرەنسا بکرێت و بفرۆشێتە کۆمپانیاکان بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ هێڵەکانی شەمەندەفەر قازانجێکی گەورە بەدەست دەهێنێ، بەم شێوەیە ئاماری ئەو ساڵانە بەدیار دەخەن کە فەرەنسا برێکی زۆری لەم دارانە لەرووسیاوە کڕیوە...ئەمەشیان بەڵگەیەکی تەواوە کە نووسەر شارەزایی لەبواری ئابوریدا هەبوە، هەرچەندە رەخنەگرانی سەردەمەکەی بەلێزانی دڵی ئافرەتیان ناوبردووە... (بلزاك) بەهیچ شێوەیەك خەیالی نەبووە ، بەشانازییەوە دەیگوت (ئەوەی پابەندی بیروراکانی من بێت دەتوانێ مولکدارییەکی بچووك پێك بێنێ) هەروا کارو کردەوەکانیشی لەشێوەی خەیاڵ و ئارەزووی ناوداری نەبووە، بەڵکو هەمان هێزو توانای کۆمەڵگەی بۆ رژوا بووە.

ئەویشیان پەیوەستە بەخۆشەویستی و کۆکردنەوەی پارە... بەم هۆیەوە (بلزاك) بۆتە خاوەنی چاپخانەو لەبوارەکانی ڕۆمان و ڕۆژنامەو نووسینی شانۆ و گەڕان بەدوای زێڕو ڕەخنەگرو ئەندامێتی پەرلەمان کاری کردووە، ئایا کەسایەتییەکانی نێو رۆمانەکانی (بلزاك و ستانداڵ) و ڕۆماننووسەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەنێو ڕۆمانەکانی ئێستادا بەدی دەکرێن؟

ئانا زیگر و دوو چیرۆکی زۆر کورت

ئانا زیگرز لەساڵی ۱۹۰۰ لە شاری ماینس لەدایك بووە، لەبەر کارە ئەدەبیە بەپێزەکانی بەگەورەترین ئەدەبی ئەم سەدەیە دەژمێردرێ ، لەساڵی ۱۹۲۸ خەڵاتی کلایستی لەمەڕ یەکەم کتێبی کە رۆمانێکە لەژێر ناونیشانی راپەرینی راوچیەکانی ماسی وەرگرت، هەروەها لەساڵی ۱۹٤۷ یش خەڵاتی (جۆرج یوشنەر) ی سەبارەت بەرۆمانێکی تری بەناوی (خاچی حەوتەم) بەدەست هێنا، ئەم کتێبەی بۆ یەکەم جار لەدەرەوەی وڵات بڵاوکرایەوە بەم هۆیەش ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد. لەساڵی ۱۹۳۳ دا ئانا بەرەو فەرەنسا کۆچی کردو لەساڵی ۱۹٤۱ یش لەمەکسیك گیرسایەوە . بەڵام لەساڵی ۱۹٤۷ دا گەرایەوە ئەڵمانیا و لەبەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێشوو نیشتەجێ بوو ئانا وەك رۆماننوسێك و نووسەری چیرۆکی کورت ناسراوە لەدوایین ژیانیدا کرا بەسەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی پێشوو لەناوەڕاستی هەشتاکان کۆچی دوایی کرد ئەمانەی خوارەوەش نموونەیەکن لەچیرۆکە کورتەکانی:-

میتینای بۆخارست ئەو کاتەی کچێکی بچوك بووم لەنوستنندا گوێم لەزیرەی دەرگاو پستە پستێك لەتاریکی بوو کەچی بۆ جارێکی تر خەوم لێ کەوتەوە. بۆ بەیانی پرسیارم کرد، ئەوە کێ بوو؟ باوکم وتی تۆخەونت دەبینی ،بەڵام لام سەیر بوو دایکم لەبەیانی زوو وەرەماڵەکەی خاوێنکردبۆوە ، چونکە وەك نەریتێك دوای ئەوەی باوکم

بەرەو کاردەرۆیشت ئەم کارەی ئەنجام دەدا پاش ئەوەی دایکم بەرو بازاڕ ڕۆیشت لەژێر ئەستیلکی شۆردن دەستە سرێکی لوولدراوم دۆزیەوە لەخوێن وەردرابوو لەو باوەڕەدابوم ئەوان راستیان بەمن نەوتوە لەبەر ئەمە چاوەڕوانی دایکمم کرد بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکەم . دایکم بەتەنها نەگەرایەوە ، بەڵکو بەیاوەری دوو پۆلیس هاتنە ژوورەکەمان و وتیان:- هەڵمان مەخەڵەتێنن لێرە لەمماڵە خۆی شاردەوە دایکم وتی : مادامەکی ئاگادارن بەدوایدا بگەرێن.... . ئاگاداری باسەکە بووم لەبەر ئەوە بەپێم دەستە سرەکەم تووڕەدایە نێو تەنەکەی پیساییەکان و پاشان دوو پۆلیسەکە لەماڵی ئێمەوە تا دەگاتە دراوسێکان دەستیان بەپشکنین کرد. ئینجا بەدایکم وت: من خەونم نەئەبینی تەماشا بکە چیم خستۆتە تەنەکەی پیساییەکانەوە.

کاتی ئێوارە دایکم هەموو شتێکی بۆ باوکم و هاورێکانی گێرایەوە هەموویان دایانە پێکەنین و لەباوەشیان گرتم سکرتێری سەندیکای هێلی شەمەندەفەر لەماوەی مانگرتن دا دەستگیر کراوەو لەکاتی گواستنەوەی هەلاتووە لەئاکامدا تەقەیان لێکردووە، دوای ئەمە بەرەو ماڵی ئێمەوە هاتووە بۆ ئەوەی جل و بەرگەکانی بگۆرێ و برینەکەی تیمار بکا پاش ئەمەش رای کردووە، باوکم بۆی باس کردم کە ئەمەیان چ جۆرە مرۆڤێکە و ژیانی ئێمە بەرەو چاکتر ببات بۆ ئەم مەبەستەش ئەوانەی مشەخۆرن و لەسەر ئێمە دەژین هەوڵ دەدەن بیکوژن و تەقەی

لیٚ دەکەن بۆ ئەوەی جارێکی تر سەرکردایەتی مانگرتن نەکا. پاشانیش باوکم بۆی باس کردم کەمانگرتن چی دەکەیەنیٚ.

درەختی سوارچاك

دابڕەکان ئەو کاتەی بەتەوەرەکانیان پیرە دار (زان) دەبڕیەوە پیاوێکی سوارچاکیان بەکەل وپەلی شەرەوە لەنێو کەلێنی دارەکە دۆزیەوە ئەوانیش لەرێگای دروشمەکەوە بۆیان ئاشکرابوو کە ئەمەیان یەکێکە لەپیاوە ئازاو بوێرەکانی کارلی یورگوند واش پێدەچیٚ سوارچاکەکە خۆی لەنێو ئەم دارە حەشارداوە لەترسی ئەو کەسانەی بەدوایا دەگەڕان کەسەر بەسەربازەکانی (شا لودفیگی یانزەهەمین) . ئیدی لەم شوێنە ماوەتەوە تا ئەوکاتەی بیٚ تاقەت بووە، دوای ئەمەش کەس نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە . سوارچاکەکە بەتەنیایی دوای گریان وتکا و وێلٚ بوونی سەری ناوەتەوە بەرانبەر بەمەش دارەکە بەزمانی خۆی وەلاٚمی دەدایەوە وتا دەهات قەدی ئەستورتر دەبوو و کەلێنەکەشی تەسکتر دەبۆوە. لق وپۆپیشی زیاتر دەبوو بۆ حەوانەوە و دالدەدەی کۆمەلٚە بالنٚدەیەك لەوانەشە بەبەردەوامی رووی لەگەشەسەندن کردبا ئەگەر داربڕەکان دووچاری نەبووبان

خۆشەویستی لەئەمەریکا

رۆژهەڵات و رۆژئاوا دوو جەمسەری جیاوازو وێك نەچوون ئاماژە بۆ بارودۆخی سیاسی وئابوری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ناکرێت کە هەر یەکەیان چ لێرە و چ لەوێ بەکۆمەڵە ریژمێکی ئیداری ئاڵۆز کاروباری رۆژانەیان بەرێوە دەچێ، هەر چەندە لایەنە جیاجیاکانی بواری ژیانی مرۆڤ هەموو بەیەکەوە پەیوەستن ، لەم نووسینە کورتەدا باس باسی دڵداری و خۆشەویستی و وەفای ئینسانە بەرامبەر شۆخەکەی لەرۆژئاوا و لەوڵاتێکی وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لای خۆمان ئەوەی (هێمن) ی شاعیر دەری برِی تائێستا کاریگەری خۆی هەرماوە ، بەڵام بەشێوازو جۆرێکی تر کەدەڵێ: نەما خانی چیرۆکی عەشقی ئێمە دارێژی دەنا هێشتا لەکوردستان دەژین زین و مەمێکی تر) ئێدی دێینە سەرباسەکەی خۆمان ئەوکاتەی گوتمان کە خۆشەویستی لەم جیهانەدا هێشتا زیندووەو کاری سیحری خۆی بەسەر خەڵکدا هەر بەردەوامە، زۆر کەس لای وابوو کە ئێمە لەخەیاڵدا دەژین و پروپاگەندە بۆ شتێکی لەناوچوو دەکەین کەچی خۆشەویستی هەرماوە، بەڵام لەم جۆرانە نییە وەك ئەوەی لەفلیمێکی سینەمایی نیشان دەدرێ یاخوود ئەوەی خەریکی تەلەفۆنە یان شێوەی نامە نووسین بێ وباسی شەونخونی بکا خۆشەویستی هەر ماوە ، ئەگەر ئەو شوێنە بریتی بێ لەقەڵایەکی سەختی سامانی دونیا خۆی دەردەبرِی بۆ کاروتەقەلادان و هەوڵدان نەوەك تەنها کارەکەی پێك هاتبێ لەقسەوقسەڵۆك .

ئەو چیرۆکەی مەبەستمانە لە(فیلادفیا) ی ولآتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا روویداوەو دەکرێ وەك چیرۆکەکانی (قیس و لیلا) و(رۆمیۆ وجۆلێت) و (پۆلو فرجینی) سەیر بکرێت گرنگی لەوەدایە کە لەم دواییەدا ئاشکرابووە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیست سالّ پێش ئێستا بەمردنی پالّەوانەکەی لەمانگی تشرینی یەکەمی سالّی رابردوو کۆتایی هاتووە، بەسەرهاتی چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو ئەنجومەنی ئیداری زانکۆی فیلادڤیا گەورەترین کۆمەکی بۆ هاتووە لەمێژووی خۆیدا لەلایەن یەکێکەوە کەنایناسن و هیچ کاتێکیش مامۆستای ئەم زانکۆیە نەبووە ، بگرە لەوێش قوتابی نەبووە لەهەمان کاتدا زانکۆش بەهیچ شێوەیەك جۆرە خزمەتێکی پێشکەش نەکردووە، کۆی ئەو یارمەتییەش گەیشتۆتە(پانزە ملیۆن دۆلار) و خاوەنەکەشی ملیۆنێرێکی ئەمەریکاییە بەنێوی(هارڤی ویکسلر) کە لەمانگی تشرینی یەکەمی سالّی رابردوو مردووە لەتەمەنی شەست و حەوت سالّیدا لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە ئایا (ویکسلر) بۆ ئەم پارە زۆرەی بۆ زانکۆ جێ هێشتووە؟ بۆ یەکەمین جارە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان ئەم ملیۆنێرە و کچێکی ئەمەریکی ئاشکرا دەبێ کەبۆ ماوەی بیست سالّ بەژووانی یەکتر شاد دەبوون بێ ئەوەی پەیوەندی یاسایی لێکیان نزیك بکاتەوە واتە (ژن و مێر) ئەویش لەبەر چەند هۆیەك نەیان توانی ئەم کارە ئەنجام بدەن ، بەلّکو یاسایەکی تر هەیە کە دلّدارەکان وئەڤین پاکەکان دای دەرێژن کە یاسایەکی زۆربە هێزو کاریگەرە (یاسای رۆحە) (یاسای خۆشەویست) یە (ویکسلر) بەم شێوەیە وەسفی نازدارەکەی دەکا ،

جوانترین و ناسکترین و گەورەترین کەس لەم جیهانەدا ئەم کچەیە لەسەر تاسەری ژیانمدا ئازیزترین کەس بووەکە من ناسیومە ، کەچی ئەم شۆخە نازدارە لەساڵی ۱۹٦۱ دا مردووە بەرامبەر بەمەش (ویکسلر) ی داماو زۆر بەوەفاو دڵسۆزی ماوەتەوە یادی لەبیرنەکردووە تا مردنی لەوەسیەت نامەکەیدا بەدیار کەوتووە کە ئەم کۆمەکییەی بۆ زانکۆی فلادفیا پیچشکەش کردوە هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆشەویستەکەی تەنها قوتابی بووە لەم زانکۆیەدا ، پارە زۆرەکەشی بۆ ئەوە بووە کە ئیدارەی زانکۆ یادی خۆشەویستەکەی پێ بکاتەوە ..... ئیتر خۆشەویستی ماوەو هەر دەشمێنێ چ لەئەمەریکا و چ لەشوێنێکی تر بێ. لێرەدا دیمە سەر بابەتێکی تری چیرۆکی خۆشەویستی ئەو کاتەی (ئەریك سیگاڵ) ی نووسەری ئەمەریکی رۆمانی (خۆشەویستی) بلاوکردەوە یەك ملیۆن دانە لەم رۆمانە بەماوەیەکی کورت فرۆشرا، بیرۆکەی رۆمانەکەشی کرایە فلمێکی سینەمایی و بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵکان تامەزۆری بینینی بوون... ئیدی هەر وەکو وتمان هەمدیسان دووبارەی دەکەمەوە خۆشەویستی هەرماوە چ لەرۆژهەلات چ لەرۆژئاوا بەلام هەریەکەو بەرێگای تایبەتی خۆی...

(لۆرکای) شاعیری ئیسپانی دەڵێ:-

ئەی خەڵکینە ئاگاداربن
ئەوەی بەتەنها خاوەن یەك دڵە
ئەوە دڵی نییە

راگەیاندن و ئاژانسەکانی دەنگوباس

راگەیاندن هەر لەکۆنەوە رۆڵ و ئەرکێکی مەزنی لەکاتی شەڕو ئاشتیدا بینیوە، چونکە پێویستە ئامرازێك یاخوود دەروازەیەك هەبێ بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بۆ ئەوەی خەڵکانێ دیکە بێ بەش نەبن و ئاگاداری گۆڕانکاری و رووداوەکان بن کەچی لەسەردەمەکانی پێشوو ئەم کردارە زۆر بەسادە وساکاریی ئەنجام دەدراو بەشێوەیەکی فراوان تەشەنەی نەدەکرد... زۆربەی زانیاریەکانیش پەیوەستی تەواوی دەسەڵاتی سیساسیەوە بووە، ئیدی دوای چەند گۆرانکارییەك و پێشکەوتنی بنەڕەتی ژیانی مرۆڤایەتی راگەیاندنیش وەبەر لێشاوی شۆڕشی شارستانیەت کەوت و رەگ و ریشەی رێگاکانی کۆنی هەڵتەکاندو دەرگایەکی فرە جیاوازی لەبەردەم کرایەوە.... وای لێهات چەندەها تیۆرو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بێنەکایەوە و کۆلیژ و پەیمانگا بۆ ئەم مەبەستە دابمەزرێنن بۆ پێشخستن و دەرکەوتنی ئامانجەکانی ، بەهۆی ئەوەی زۆر جاران بەراگەیاندن وتراوە(دارێکی سیحروئەفسوناوییە) لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکی زۆر گەورەو بەتوانا دەکاتە سەر مێشك و دەروونیخەڵکان وسیستەمێکی نوێ دێنێتە کایەوە.

ئێستا رۆژنامەو گۆڤارو پەرتووك و رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەماو شانۆ و کۆمپیوتەر و کۆڕو چەند بوارێکی دیکە رۆڵی سەرەکی و گرنگ دەگێرن لەکۆمەڵگاکانی هاوچەرخدا . ئامانجی سەرەکی زۆربەی

فەلسەفەکان دابین کردن و هێنانەدی ژیانی ئاسایی وخۆشی مرۆڤە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکەن تەنیایی بۆ مرۆڤ زۆر زەحمەتە لێرەدا هەموو بوارو لایەنە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ بەیەکەوە پەیوەستن و پچڕانیش ئەگەر رووبدا ئەوا ماوەیەکی کورت دەخایەنێ وپاشن بەسەر دەچێت.

کرداری راگەیاندن کە پەیوەندیەکی بەتینی بەهەواڵ و زانیاری تازەوە هەیە پێویستە بەراشکاوی و راستگۆییی بڵاوبکرێتەوە لەپێناو بەدی هێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی رای گشتی بەمەبەستی ڕۆشنبیرکردن و ڕۆشن کردنەوەی بیرو بۆچوونی ئەو خەڵکەی هەمیشە تامەزرۆی هەواڵی تازەن کەدوور بێت لەکاری هەڵخەڵەتاندن و فرت و فێڵ و بێگومان ئەمەشیان پەیوەستە بەپێشکەوتنی بارودۆخی کۆمەڵگا، ئامرازەکانی راگەیاندنی ئێستا رۆڵێکی بەرچاوو پتەو دەگێرن لەمانە. ڕۆژنامەو گۆڤارو پەرتووك و رادیۆ و تەلەفزیۆن وسینەما کۆڕو بڵاوکراوەکان کەبەئامرازی گرنگ وبایەخدار دەژمێردرێن بەتایبەتی لەکۆمەڵگەکانی تازەدا.... لێرەدا راگەیاندن پێویستیەکی کۆمەڵایەتیەو زۆربەی بەشە جیاجیاکانی وڵات بەیەکتر دەبەستێتەوە و هیچ رژێمێکی سیاسی لەبارودۆخی ئێستادا ناتوانێت فەرامۆش وپشت گوێی بخات، چونکە شوێنکی گرنگ لەبوارەکانی فیکری و سیاسی و دێنێتەدی و کاریگەرییەکی گەورە دەخاتە سەر باری گشتی لەهەموو لایەنەکانی ژیان، بەڵام پێویستە

ئەوەش بوترێت کەئامرازەکانی راگەیاندن لەهیچ ولآتێکی سەرانسەری جیهاندا بەشێوەی ئازادی تەواو دابین نەکراوە، بەڵکو هەر ولآتێك شێوازی سانسۆری بۆ راگەیاندن بەکار دەهێنێ ئەمەشیان پەیوەستە بەبارودۆخی گشتی کۆمەڵگا و سروشتی رژێمە کۆمەڵایەتیەکان. جیهانی ئێستامان بەتۆرێکی زەبەلاحی گەوری راگەیاندن بەستراوەتەوە زۆربەی ولآتانی رۆژهەلآت دەربارەی ململانێی دەسەلآتی سیاسی و گۆرانکارییەکانی نێو خەلچك هەمیشە هەوڵ دەدەن جیهانی دەرەوە ئاگاداریان نەبێت و هەوالچەکانی ئەم جۆرە بابەتە بلآونەکەنەوە.

هەرچەندە زۆر نهێنی ئەگەر ئێستاش ئاشکرا نەبێت بۆماوەیەکی دیکە لای خەڵك روون دەبێتەوە هەر لەبەر ئەمەشە هەندێ ولآتانی رۆژهەلآت بەوولآتانی داخراو لەقەڵەم دەدرێن ، چونکە زانیاریمان سەبارەت بەرووداوەکانی ناوەخۆ زۆر کەمە وێرای ئەمانەش چەند هۆکارێکی بنەڕەتی دووچاری ئەم ولآتانە بوونەتەوە لەوانە لاوازبونی ژێرخانی ئابورییان کەکاردەکاتە سەر ژیانی هاولآتیان و زۆربەی دانیشتوانیان نەخوێندەوارن تائێستاشی لەگەڵدابێ هەندێ دێهاتەکانی وزەی کارەبایان تیانییەو ئاگاداری زۆربەی بلآوکراوەکانی راگەیاندن نین، ئەم ولآتانە زۆربەیان بەکۆمەڵگای کشتوکاڵی دەژمێردرێن، بەپێچەوانەی ولآتانی پیشەسازییەکانەوە کەئامرازەکانی راگەیاندن لەزۆربەی کاتدا بەهۆی چڕوپڕی و ئاڵۆزییەوە گەیشتۆتە لوتکە لەرێگای ئەو دەزگایانەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراون، بۆ نموونە لەسەر

ژمێرییەکی ساڵانی هەشتاکان راگەیاندن لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی خوارەوە (١٧٥٠) رۆژنامەی رۆژانە بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێت(٣٤٠٠) پەخشی ئێزگەیی هەیە کەبەرنامەی جۆراو جۆر بڵاودەکەنەوە جگە لەمەش (٧٥٠) پەخشی ئێزگەیی تەرخان کراون بۆ بڵاوکردنەوەی پارچە مۆسیقای هێمن و ئارام هەروەها (٦٥٠) پەخشی تەلەفزیۆنی بەرنامەکانی تیادا بڵاودەکرێنەوە(٧٥٠٠) گۆڤاری هەمەجۆری تیادایە. لەراوەرگرتنێکدا کە لە وڵاتی فەرەنسا سازدراو خەڵکانێکی زۆری گرتەوە بۆ ئەوەی رای خۆیان دەربڕن دەربارەی ئەم سێ ئامێرەی خوارەوە تەلەفزیۆن و ساردکەرەوەو جل شۆرین ئەنجامی راوەرگرتنەکە بەم شێوەی خوارەوە بوو، لەسەدا ٤٤ دەنگیان بۆ تەلەفزیۆن بوو وە لەسەدا ٣٣ بۆ ساردکەرەوە وە لەسەدا ١٦ بۆ ئامێری جل شۆرین. ئالێرەدا بەدیار دەکەوێ راگەیاندن چ شۆرشێکی بیری خوڵقاندوە و مرۆڤی ئێستا ناتوانێت فەرامۆشی بکات وەك ئامرازێکی شارستانی گەورە رۆڵی خۆی دەگێرێ و هەمیشە لەپەرەسەندن دایە لەپیناو هێنانەدی ئامانجەکانی لەراستیدا سەدەی نۆزدەهەم زۆر گۆرانکاری و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی بەردی بناغەی بۆ گەڵی پرۆژەی هەمەجۆر دانا لەم بارەیەوە سەدەی بیستەم قەرزاری سەدەی پێشووە لەبەر ئەوەی کەسانێکی زۆر لێهاتوو شارەزا دەستیان بەتەواوکردنی پرۆژەکانی سەدەی پێشوو کردو لەزۆر لایەنەوە پێشکەوتنی تازەیان خستەپاڵ و توانیان خزمەتێکی

چاکی مرۆڤایەتی بکەن ئیدی ئەم بوارە واتە بواریداهێنانی تازە لەهەموو ئاستەکانی ژیانی مرۆڤ هەر بەردەوامە ئاژانسی دەنگوباس رۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەگێرێ بۆ دەزگاکانی راگەیاندن وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەو گۆڤار....هتد. کاریگەری ئەمانەش زۆر بەزەقی بەسەر ژیانی مرۆڤایەتییەوە دیارەو بۆتە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئێستا،(شارل هافاس) ی فەرەنسی بەیەکەم کەس دەژمێردریچت لەدامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباس ئەم پیاوە ئیمپراتۆری رۆژنامەکانی ئەوسای فەرەنسا بووە پارە و پولێکی زۆری هەبووە پەیامنێری لەهەموو ناوچەکانی فەرەنسا دانابوو بۆ گواستنەوەی هەواڵ و ئەو رووداوانەی بەرپا دەبن بۆ ئەوەی لەرۆژنامەکان بڵاوببنەوە....(هافاس) بەحوکمی بنکەی دەسەڵاتی خۆی پەیوەندی لەگەڵ بانقەکان و میرەکان و کەسانی بەدەسەڵات پەیداکردبوو، جگە لەمەش پەیامنێری لەزۆربەی شوێنەکانی جیهان هەبووە.... بۆئەمەش لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە ئاژانسێکی دامەزراند بەناوی ئاژانسی (هافاس) بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان دوای (هافاس) دوو ئاژانسی دی لەئەوروپا هاتنە کایەوە.هافاس رۆلێکی بەرچاوو دەستێکی باڵای بینیوە لەپشتگیری کردن و یارمەتیدان وپەیدابوونی ئەم دوو ئاژانسە ، یەکێکیان بەناوی (بیرن هاردن ولف) بوو ئەوی تریشیان بەناوی (جۆلیۆس رۆیتەر)بووە... یەکەمیان لەساڵی ١٨٤٩ دامەزرا بەناوی (نوسینگەی ولف) تاکاتی هاتنی نازییەکان بۆ سەر حوکم لەئەڵمانیا

بەگەورەترین ئاژانسەکانی ئەورووپی لەقەڵەم دەدرا لەناوەڕاستی سەدەی هەژدە- یش رۆیتەر لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیا ئاژانسی رۆیتەری رۆیتەری دامەزراند. (رۆیتەر) بەزیرەکی و چاپووکی و لێوەشاوەییەوە ناسراوە لەمەڕ بەکارهێنانی هەندێ ئامرازو رێگا بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان هەر ئەم رێگەیە (رۆیتەر) گرتبوویەبەر بووە بناغەیەك بۆ دامەزراندنی یەکەم ئاژانسی ئەمەریکی بۆ هەواڵەکان، ئیتر رۆژنامە گەورە تواناکانی شاری نیویۆرك بریاریندا لەساڵی (١٨٤٨) وە بەلەمی خێرا بەکرێ بگرن بۆ ئەوەی پێشوازی لەکەشتییە گەورەکان بکەن بۆ گواستنەوەی ئەو هەواڵانەی لەئەورووپاوە دەنێردرێن. لەناوەڕاستی سەدەی هەژدە (ئاژانسی ئەسۆشێدپریس) دامەزرا جگە لەمەش دوو ئاژانسی دیکەش لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەریان هەڵدا. یەکێکیان لەساڵی (١٩٠٧) بوو بەڵام لەساڵی (١٩٥٨) دا ئەم دووئاژانسە یەکیان گرت بەناوی (یونایتد پریس ئینتەر ناشناڵ) ئێستا ئەم ئاژانسەی خوارەوە لەجیهاندا کاردەکەن

١-ئاژانسی فرانس پرێسی فەرەنسی (هافاسی) پێشوو

٢-ئاژانسی رۆیتەری ئینگلیزی

٣-ئاژانسی ئەسۆشیدپریسی ئەمەریکی

٤-ئاژانسی یونایتد پرێس ئینتەر ناشناڵ

٥-ئاژانسی تاسی سۆڤیەتی پێشوو لەجیاتی ئەمە ئێستا دوو ئاژانس لەرووسیا کاردەکەن بەناوی ئینتەر فاکس و ئینتەر تاس ....

لەم ساڵانەی دواییی و بەهۆی بەکارهێنانی ئینتەرنێت تادێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن بەرەو جیهانێکی فراوان دەڕوات لەپێناو کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیاری تازە.

مرۆڤایەتی وەچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە تا ئێستاش کردارەکە بەردەوامە بەهۆی پێشکەوتن و داهێنانی تازە لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان بەتایبەتیش بواری ڕاگەیاندن ئەم کردارەش بەئاسانی سەری هەڵنەداوە بەڵکو لەڕێگای هەوڵ و کۆششی بێ وچان هاتۆتە دی زۆربەی شارەزایان و پشپۆران لەسەر ئاستی جیهاندا لەو باوەڕەدان کەجیهانی ئێستامان وەك گوندێکی هاوچەرخی لێهاتووە سەرەڕای ڕووداوەکانی پشت پەردەش لەئایندەکی نزیکدا هەواڵ و ڕووداوە شاردراوەکان ئاشکرا دەکرێن و بڵاودەبنەوە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن توانیویانە ڕوو لەسەرجەم شوێن و ناوچە جیاجیا کانی ئەم سەرلابەرن بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەیان گەلی کوردیشوەك هەموو گەلانی دی وێڕای ئاڵۆزی و گرژی باری جوگرافیا وزۆڵمی مێژوو و قوربانی ڕێکەوتننامەکانی نێو دەوڵەتی توانیویەتی خۆی لەم بوارە بێ بەشنەکات ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ و دەرکەوتنی یەکەم ڕۆژنامە بەناوی کوردستان نیشانەیەکە بۆئەوەی کوردیش لەڕەوتی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری بێتە نێو گۆڕەپانی ڕاگەیاندن ، بەڵام دوای ڕاپەرین ئەم لایەنە بەشێوەیەکی زەوقترو بەرچاوتر ڕەنگی دایەوە و گەلێ ڕۆژنامەو گۆڤارو بوراەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لەدایك

بون و تەكانێكی گەورەو گوروتینێكی بەتوانایان هێنایەدی وەك سەرەتایەك بۆ پرۆژەی رۆشنبیری راگەیاندن بەرادەیەك كە كاریگەریەكی بەهێزی خستۆتە سەر پێكهێنانی رای گشتی ئەمەشیان بێگومان پەیوەندییەكی قووڵی بەباری كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردییەوە هەیە، لەیادی سەدوسیچ سالچەی رۆژنامەگەری كوردیدا باهەموو تواناكانمان یەك بخەین بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سەرەكی ویست و ئارەزووەكانی گەل و نیشتمان و ووشەی رەسەنی كوردی كەپێكهاتەی هەگبەی بەدرخانییەكان و موكریان و پیرەمێردو شۆڕەسوارانی رۆژنامەگەری كوردی بێت، هەروەها تالەتواناشماندایە راگەیاندن بەهەموو شێوەكانیەوە لەقالچبی داخراو و بیركردنەوەی تەسكدا دەرباز بكەین و راگەیاندن بەتەنها بۆ وێنەو هەواڵی بەرپرسان تەرخان نەكەین ، بەڵكو بەجۆرێكی هاوچەرخ و شارستانیانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەكان بكەین بەناوەرۆكی بەسوود و بابەتیانە روو لەم لایەنە گرنگە بكەین بۆ ئەوەی بتوانین لەكەنار دەریای فراوانی راگەیاندن نزیك ببینەوە ، راگەیاندنیش ببێتە پرۆژەیەكی رۆشنبیری هەمەلایەن.

(تۆنی مۆریسۆن)ی رۆماننووس

رۆماننوسی ئەمەریکی (تۆنی مۆریسۆن) لەساڵی ١٩٩٤خەڵاتی نۆبلی ئەدەب ی وەرگرت رۆمانێکی لەساڵی ١٩٩٨ بەناوی(فەردوس) دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ نووسی بۆ جارێکی تر بایەخی پێدرایەوە لەبەر ئەوەی پاش وەرگرتنی خەڵاتەکە ماوەیەك بێدەنگ بوو. مۆریسۆن لەرۆمانی فیردەوس کارەساتی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەش پێستەکان بەدیار دەخات هەر وەکو چۆن لەرۆمانەکانی تریش ئەم کارەی کردووە، لەوانە (ئەو چاوەی بەزۆری شینە، خۆشەویستەکەم، جاز) و چەند رۆمانێکی تر، بەڵام ئەمجارەیان رۆمانوس بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ رووداوێکی راستەقینە کە لەساڵی ١٨٦٥ لەماوەی کۆتایی جەنگی ناوەخۆی ئەمەریکا سەری هەڵداوە، ئەو کاتەی کۆیلەکانی باشووری وولات بەگوێرەی بڕیاری یاسایی سەرۆك(ئیبراهام لنکۆڵن) ئازاد کران. تیایدا سیستەمی کۆیلایەتی هەڵوەشێنرایەوە لەم روانگەوە بەهەزاران کۆیلە ئەوانەی ئازادکران لەزەویەکانی پێشویان لەباشوور دەستیان بەکۆچکردن کرد بۆ ناوچەکانی رۆژئاوا. ئەمەشیان وەك هەوڵدانێك بۆ لەبیر کردنەوەی بیروباوەریەکانی کۆمەڵایەتی و هەنگاونان بۆبنیاتنانی ژیانێکی تازەو هەروەها لەم ناوچانە کۆمەڵەیەکی تایبەتیان پێکهێنا کە سپی پێستی تیادانەبوو ئەمەش لەیۆتۆپیای تازە دەچوو.

ئەم خەڵکانە بەهەزاران میلیان برِی بۆ ئەوەی لەم رابردووە تاڵە رابکەن و چەندین کێڵگەی لۆکەیان جێهێشت و روویان لەزەویەکی

چۆڵەوانی کرد، زەویەك کە سەرەتای هەیە و خاوەن رابردوو نییە، لەم شۆنگەوە ئەم بابەتە لەرووی مێژووی رووداوەکان و کاریگەریەتی بەسەر مێژووی ئەمەریکی هاوچەرخ دەوڵەمەندو بەپێزە، ئالێرەدا (تۆنی مۆریسۆن) دەست بەنووسینی رۆمانە تازەکەی دەکات و بەگوێرەی مێژوو بۆ ماوەی سالانی شەستەکان و حەفتاکان دەگەرێتەوە ، بەپێی شوێنیش هەردوو ناوچەی (رۆبی) و (ئۆکلاهۆما) دەگەرێتەوە نەوەکانی ئەو کۆچەرانە کۆمەڵەی یەکەمی رەشپێستە ئازادکراوەکان پێکدەهێنن.

رۆماننوس لەسەرەتاوە بەرستەیەکی چاوەڕوانکراو دەستپێدەکات کەدەڵێ Λ کچە سپییەکەیان کوشت) یەکسەر هاوکێشەکە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەبێت کێ کچە سپییەکەی کوشتووە؟ بەلام یەکەمین جار ئەم کچە سپییە کێیەو ئایا بونی چۆن رێکەوتووە لەمەملەکەتی رەشپێستەکان؟ رۆمانەکە لەم بارەیەوە هیچ شتێکمان پێنالێ کەچی ئێمە بەردەوام دەچینە نێو ئەو بابەتەی کەپەیوەندی بەکاری کوشتنەوە هەیە، لێرەدا واپێدەچێ بکوژو کوژراو لەلایەن مۆریسۆن گرنگی نەبێت، بەڵکو بایەخ بەکاری کوشتنەکە دەدات وهیچ نەژادێك تاوانبار ناکات و دەیەوێت بلێ توندوتیژی بەتەنیا پەیوەست بەنەژادێکەوە نییە.

لەرۆمانی ئەوچاوەی بەزۆر شینە کە لەساڵی ١٩٧٠ دەرچوو لەسەرەتا ٧٠٠ دانەی لێ فرۆشرا ، تیایدا مۆریسۆن سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێ کەجیهان شکستی هێناوە بۆ ئەوەی جوانی لەمرقی رەشپێستدا ببینێ(بیکۆلا بریدلۆڤ) کیژۆڵەی ١١ ساڵ بەتامەزرۆییەوە

هەوڵدەدات ببێتە خاوەن دووچاوی شین هەروەکو کچە سپییەکان لەو باوەڕەدایە ئەگەر ببێتە خاوەن دووچاوی شین ئەوا بەختەوەری تەواوی بۆ دێتەدی و گیروگرفتەکانی خێزانەکشی چارەسەردەکرێ، لەهەمان کاتیش وادەکات کەباوکی دایکی خۆشبوێتوواز لەمەی خواردنەوەش بهێنێ.

ئالێرەدا مۆریسۆن لەم رۆمانەی چەند دیمەنێکی تۆقێنەر نیشان دەدات کەپێشتر نووسەری تر نەیتوانیوە بچێتە نێو بابەتەکە، دیمەنی ئەو باوکەی سەرخۆشە و دەستدرێژی دەکاتە سەر بیکۆلا دیمەنێکی دەگمەن نییە لەرۆمانەکانی مۆریسۆن بەهۆی ریسوابوون و ناماقوڵییەکەی.

لەدووەم رۆمانی بەناوی سولا کە لەساڵی ١٩٧٣ دەرچووە بەبەردەوامی هەوڵدەدات ئەم توندوتیژییە ئاشکرا بکات بەتایبەتی توندوتیژی کەدژی ئافرەتان پیادەدەکرێ بەڵام لەرۆمانی سێیەمی (گۆرانی سولومون) دەگەرێتەوە بۆ یەکەم رۆمانی کەچی بەشێوەیەکی پێچەوانە گرنگی بەشیکردنەوەی هۆیەکانی توندوتیژی دەدت کەزاڵن بەسەر هەڵسوکەوتی پیاوان ئەو هێزەی دەبێتە هاندەری ئەم کارە هەروەها هاوکاری ئافرەتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە.

لەرۆمانی (خۆشەویستەکەم) دا رەخنەگران بەیەکێك لەگرنگترین رۆمانەکانی سەدەی بیستەم ئەمەریکی لەقەڵەم دەدەن هەرچەندە هەندێکی تر رۆمانی فیردەوسی تازەی بەگرنگترین کاری ئەدەبی دەژمێرن. رۆمانی خۆشەویستەکەم ساڵی ١٩٨٧ دەرچوو نووسەر تیایدا

باسی ناوەڕاستی سالچی ١٨٠٠ دەکات ئەمەش لەرێگەی ژیانی (سیس) ئەو ئافرەتە رەشپێستەی کە قورگی منداڵەکەی دەبڕێ بۆ ئەوەی هەروەکو خۆی نەبێتە کۆیلە ، بەلاّم لێرەدا تارمایی ئەو منالّە لەگەلّ ژیانی سیس بەردەوام دەبێ و ناتوانێ لێی رزگاربێت لەکۆتاییدا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کچێکی جوانی تەمەن بیست سالّ بەدیار دەکەوێت کەئاسەواری رووداوەکەی پێوە دیارە ، هێزو توانای ئەم رۆمانە و وەسفی مۆریسۆن کاریگەری بۆ ژیانی کۆیلایەتی دوو هۆی سەرەکی بون بۆ پالاّوتنی بۆ خەلاّتی نۆبلّ.

هەندێ کەس رایان وایە ئەم ڕۆمانە خەلاّتی نۆبلّی بەدەستهێنا هەروەکو چۆن هەماهەنگوای لەرۆمانی پیرۆو زەریا و نەجیب مەحفوز خەلاّتیان بەدەست هێنا، لەبڕیاری لیژنەی پادشایەتی سویدی لەکاتی بەخشینی خەلاّتی نۆبلّ بەمۆریسۆن هاتووە(ئەم ئافرەتە رۆماننوسە ئەمەریکییە لایەنێکی ژیانی گرنگی لەواقیعی ئەمەریکی زیندوو کردۆتەوە لەرێگەی رۆمانە بەپێزەکانی کەپەیوەستن بەخەیالّێکی بێ پایان و ناوەرۆکێکی شاعیری) هەر لەم بارەیەوە (مارتن سیمۆن) دەلّێ: گرنگترین ئافرەتی رۆماننوسی رەشپێست لەئەمەریکا دوای رالف ئەلیسۆن مۆریسۆنە .

تیۆری ئازادی لیبرالیزم

ئەم تیۆرە لەنێو کۆمەڵگای ئەوروپی سەری هەڵدا ، لەئەنجامی چەند گۆران وپێشکەوتنێك لەبورای سیاسی و کۆمەلایەتی گرنگترینیان شۆڕشی فەرەنسیە کە لەساڵی ١٧٨٩ بەرپا بوو ئەم شۆڕشە مافەکانی مرۆڤی جاڕدا، هەروەها بارودۆخێکی ئابوری هێنایە کایەوە لەچوارچێوەی (لێ گەڕێ باکاربکات لێ گەڕێ بابڕوات) ئەمەشیان مانای ئەوە دەگەیەنێ کەواز لەمرۆڤی ئەوسا بهێندرێت بۆ ئەوەی ئازاد بێت لەچالاکیەکانی ئابوری و جموجۆڵەکانی بیرکردنەوەی بێ ئەوەی دەوڵەت مافی ئەوەی هەبێت دەست لەکارەکانی وەربدات. بێگومان ئەم تیۆرە خاوەنی چەند فەیلەسووفێك بوو لەرێگای نووسینەکانیان و بیروڕایان ناوەرۆکی ئەم تیۆرە لەزۆربەی ولاتانی ئەوروپی و ئەمەریکا بلاوبووەوە، تیۆری ئازادی جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ تیۆری ئازادی جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ تیۆری دەسەلات هەیە، چونکە ئەم تیۆرە باوەرێکی رەهای بەمرۆڤ هەیە، بەلام تیۆری دەسەلات لەروانگەیەکەوە سەیری مرۆڤ دەکات کەبەشێکە لەکۆمەڵ ودەبێت لەم بوارەوە کاربکات بەگوێرەی تیۆری ئازادی هەموو شتێك دەبێ تەرخان بکرێت بۆخۆشی گوزەرانی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لەدەوڵەت بەرزترە دەوڵەت و حکومەت لەپێناو ئازادی و ئاسوودەیی مرۆڤ هاتونەتە کایەوە..

دەوڵەت دروست بووە بۆ بەرژەوەی مرۆڤ نەوەك بەپێچەوانەوە، خاوەنەکانی ئەم تیۆرەوای بۆ دەچن کە حکومەت لەپێناو خزمەتکردنی مرۆڤ هاتۆتە دی بۆ ئەوەی ئازادییەکان دابین بکات. نەوك رێگایان

لێبگرێت و کۆتیان لەبەردەم دانێ... هەر کاتێکیش ئەم حکومەتە سەرپێچی لەم بارەیەوە کرد، پێویستە لابردرێت لەم روانگەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم تیۆرە جەختی لەسەر بنەماکانی ئازادی تاکەکەس دەکردەوە....دیدو بۆچوونی ئەم رایانە کاریگەرییەکی تەواوی کردە سەرئەوانەی دەستوریان لەهەندێ ولاتانی ئەوروپی بەتایبەتیبەریتانیا دانا هەر لەو کاتەدا حزبی سیاسی بەدیار کەوتن داوای ئازادی سیاسی و کەمك کردنەوەی دەسەلاتی پادشایان دەکرد لەراستیدا فەلسەفەو بیرووراکانی ئەم تیۆرە راوبۆچونی چەند نووسەرێکی لەخۆوە گرتبوو بەناو بانگترینیان(جۆ لۆك) ە ئەم نووسەرە لەسەدەی حەڤدەهەم دیاردەکانی سیاسی شی کردەوەو پەیوەندی نێوان دەسەلات و گەلی لەسەر بنکەیەکی گشتی دەست نیشانکرا، کەدەلێت (گەل سەرچاوەی دەسەلاتەکانە) بەمەش (جۆن لۆك) هاوکێشەی پێشووی گۆڕی کاتی تیۆری دەسەلات وای نیشان دەدا گوایە (پاشا سەرچاوەی دەسەلاتەکانە) لەبەر ئەمە راکانی (جۆن لۆك) لایەنگیریەکی زۆری لێکرا لەنێو لایەنە سیاسیەکان و کاری کردە سەر شۆڕشەکانی فەرەنسی و ئەمەریکی.... بەگوێرەی (جۆن لۆك) پێویستە حکومەت لەپێناو گەل کاربکات ، چونکە گەل بەچەند مەرجێك وەزیفەکانی حکومەت دیاری دەکات لەمانە:

١- وەزیفەکان پیادە بکات لەپێناو بەرژەوەندی گەل

٢- ٢-مافی گەلە هەر کاتێك حکومەت کاروبارەکانی بەشێوەیکی گونجاو بەرێوەنەبرد، هەوڵ بۆ لادانی ئەم حکومەتە بدات.

٣- گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە دەبێت هەر ئەویش بڕیاری مانەوەی حکومەت یاخوود لابردنی بدات...جگە لەمانەش (لۆك) ئاماژەی بۆ ئازادی رۆژنامەگەریش کردووەو رای وایە نابێت کۆسپ وتەگەرەی بخرێتە بەردەم ، کەچی پێویستە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و سیستەمی گشتی هەنگاوەکانی بخرێنە کار. (جۆن ملتۆن) فەیلەسووفێکی تری سەدەی حەڤدەهەمەو داکۆکی لەتیۆری ئازادی دەکردو لەنووسینەکانی جەختی لەدابینکردن و بلاوبوونەوەی بیروراکانی کۆمەڵگای سیاسی دەکرد، هەروەها زۆربەتوندی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەگەری دەکردو رەخنەشی ئاراستەی سیستەمی سانسۆری سەر رۆژنامەکان دەکرد، لەمبارەیەوە رای وابووە(لەتوانای مرۆڤ نییە راستیەکانی لەلا روون و ئاشکرا بێت ئەگەر بێتوو گوێ بۆ راپێچەوانەکانی تر نەگرێت، چونکە راستییەکان ناتوانن زامنی مانەوەی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە پێویستە رووداوەکان بەراشکاوەی و لەقالبێکی تەواودا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

کەچی لێرەدا رەخنە ئاراستەی ملتۆن دەکرێت ، سەبارەت بەوەی دیموکراسی خوازنەبووە، چونکە بەگوێرەی فەلسەفەکەی ئەرکی گفتوگۆ کردن وباسکردنی بابەتەکان مافی کەمینەیەك بووە، ئەوانەی لێهاتوو شارەزایان هەیە زۆربەی خەڵکیش مافی ئەوەیان نییە بەشداری تیادا بکەن. لەفەیلەسوفانی سەدەی هەژدەمیش (تۆماس جفرسۆن)ی فەیلەسووف وسیاسەت مەداری ئەمەریکیمان هەیە کەکارگەری راکانی (جۆن لۆك) ی

بەسەرەوە دیارە (جفرسۆن) جەختی لەحوکمرانیەتی زۆرینەو داکۆکی لەئازادی رۆژنامەگەری دەکرد، لەم بارەیەوە دەیگوت:

رۆژنامەگەری سەرچاوەی یەکەمی زانیارییەکانن و گەل لەم ریگایەوە دەتوانێت رایەکی یەککرتوو لەسەر زۆربەی کێشەکان دروست بکات، هەروەها رەخنەی لەو حکومەتانە گرت ئەوانەی دیانەوێت رۆژنامەکان بخەنە بەر رکێفی سانسۆرەوە، جگە لەمەش (جفرسۆن) رای وایە پێویستە حکومەت بەرەخنەی رۆژنامەگەری بابەتیانە قایل بێت و رێگای لێنەگرێت و لێشی نەترسێ....

لەسەدەی نۆزدەمیش (جۆن ستیوارت میل) ی فەیلەسووف بەراشکاوی باسی ئەوەی کرد، کە پێویستە رێگا لەسەربەستی بیرکردنەوەو گفتوگۆی مرۆڤ نەگیرێت بەمەرجێ ئەگەر بێت و زیان بەکۆمەڵ نەگەیەنێت، هەروەها پێویستیشە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤایەتی بۆ بەرژەوەندیخزمەتکردنی مرۆڤ ئامادەبکرێت، بەرای ئەم فەیلەسووفە باشترین کۆمەڵگای سیاسی لەوەدایە رێگا بەرۆڵەکانی بدات بەشێوەیەکی سەربەست و ئازادانە بیربکەنەوەو گوزارشت لەبیروباوەرەکانیان بکەن، کەدووربێت لەکرداری ترس و دوو دڵی ئەگەر بێت و یەکێك هەوڵی بێ دەنگی رایەك بکات و ئەواراستی بۆ ماوەیەك دەشارێتەوە، ئالێرەدا راکانی ئەو کۆمەڵە فەیلەسووفە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەرکەم کردنەوەی سانسۆری حکومەت بۆسەر ڕۆژنامەکان وپانتایی کارکردنی رۆژنامەکان وسەربەستیان فراوانتر کرد، بناغەی بیری سەرەکی ئەو فەیلەسووفانە بۆ فەلسەفەی یاسای

سروشتی دەگەڕێتەوە کەجەخت لەسەربەستیتاکەکەسی بەشێوەیەکی گشتی و سەربەستی ڕۆژنامەگەری دەکات. بەڵام خاڵێکی گرنگ لەتیۆری ئازادی دێتە بەرچاو دەربارەی ڕۆژنامەگەری ئەوەیشیان ئەوەیە کەنابێت بەشێوەیەکی ڕەها سەیری ئەم بوارە بکرێت و پێویستە هەندێك شێوازو سنوری بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوەی سەربەستی ڕەها لەهیچ ڕژێمێکی سیاسی بەدی ناکرێت.

بەڵام خاڵێکی گرنگ لەتیۆری ئازادی دێتە بەرچاو دەربارەی ڕۆژنامەگەری ئەوەیشیان ئەوەیە کەنابێت بەشێوەیەکی ڕەها سەیری ئەم بوارە بکرێت و پێویستە هەندێك شێوازو سنوری بۆ دابنرێت لەبەر ئەوەی سەربەستی ڕەها لەهیچ ڕژێمێکی سیساسی بەدی ناکرێت.

لەبەر ئەمانە راوبۆچوون زۆر هاتنە کایەوە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوە چوونی ڕۆژنامەگەری یاسا ڕۆڵی خۆی ببینی بۆ دیاریکردنیئەو کارانەی ڕۆژنامەکان هەوڵیان بۆ دەدەن لەپێناو پاراستنی کۆمەڵگاو سیستەمی گشتی.

لەکۆتایدا جیاوازی نێوان تیۆری دەسەڵات و تیۆری ئازادی لەوەدایە یەکەمیان کۆت و زنجیر بەبێ هیچ پاساوێك دەخاتە بەردەم هاوڵاتیان و دووەمیشیان کۆسپ و تەگەرە دادەنێت، بەلام لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر بنەڕەت و بنەماکانی ئازادی مرۆڤ.

کورتە باسێکی مێژوویی دەربارەی تیۆریەکانی نەژادگەری

سەرەتا تیۆریەکانی نەژادگەری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەنەژادەکانی مرۆیی لەرووی بایلۆژیەوە لەیەکتر دوورن ئەمەشیان لەجیاوازی پێشکەوتنی شارستانی یەتی و کۆمەڵایەتی رەنگی داوەتەوە، هەندێ نەژاد بەگوێرەی سروشتی خۆیان لەوانی تر بەرزترن و توانیویانە کۆمەڵگەی مەدەنی وشارستانیەتی پێشکەوتوو دروست بکەن.

بەڵام نەژادی تر ناتوانن لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی نەژادە بەرزەکان ژیان بەسەر بەرن بەمەش لەئەنجامدا ململانێ ی سیاسی دێتە کایەوە بۆ ئەوەی دەسەڵات بخەنە ژێرچر دەستی خۆیان. بیرۆکەی جیاوازی نێوان نەژادەکان یەکێك بووە لەهۆکارە گرنگەکانی سیاسی نێو گەلان و خەڵکان، کەچی لێرەدا ناتواندرێ بەشیچوەیەکی وردئەو کاتە دیاری بکەینکە ئەم جیاوازیەی تیا سەرهەڵداوە کەهەندێ لەزانایان رایان وایە لەوانەیە سەرچاوەکەی بۆ جیاوازی و لایەنی شانازی و گەورەیی هۆزایەتی بگەرێتەوە...هەرچەندە (ئەرستۆ) پێشتر ئاماژەی بەجیاوازی نێوان (ئازادی خوازان) و(کۆیلەکان) داوە ئەمەشی بۆ سروشت گەراندۆتەوەو پێی وایە هەندێ نەتەوە بۆ سەروەری و دەسەڵات هاتونەتە دی هەندێکی تریشیان بۆ کۆیلایەتی ن یەکەمیان فەرمانڕەوایەتی دەکات، دووەمیشیان مل کەچ دەبێت، هەروەها ئەرستۆ نووسیویەتی و دەڵێ کێشە رەگەز پەرستی درێژخایەن جیاوازی

چینایەتی نێوان گەلانە، لەکۆتاییدا گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە: نایەکسانی نێوان رەگەزەکان کارێکی رەسەنایەتی پێك هاتەیانەو ناشتوانریچت بەهەر شێوەیەك بێت ئەم کردارە لەناو ببردرێت لەبەر ئەوە لەسەر نەتەوە لاوازەکان پێویستە ملکەچی نەتەوە بەرزەکان و بەتواناکان بن.

تیۆریەکانی نەژادگەری بەشێوەیەکی روون لەسەدەی شانزەهەم بەدیار کەوتن لەگەڵ فراوان بوون و بڵاوبونەوەی دەسەڵاتی ئیستعمار یەکیچك لەوانەی هانی ئەم تیۆرەی دەدا(خوان جینزد سبولفیدا) ی ئیسپانی بوو لەساڵی ١٥٥٠ دەربارەی سروشتی خەڵکانی ئەمەریکا ئەم رستانەی نووسیوە(ئەمانە مرۆڤی وانین کەخاوەن عەقڵ بن) یاخود (ئەمانە لەگەڵ ئیسپانیە یەکان جیاوازیان هەیە هەروەکو جیاوازی مەیمون لەگەڵ مرۆڤ) ئالێرەدا دەمارگیری نەژادگەری دژی رەشپێستەکان لەگەڵ سەرهەڵدان و پێشکەوتنی بازرگانی کۆیلایەتی فراوانتر بوو، لەم روانگەوە پەنجا ملیۆن ئەفریقی رەوانەی وڵاتە یەکگرتوەکان کران نیوەیان لەرێگا گیانیان لەدەست دا...ئیدی جارێکی تر رەگەزپەرستی لەسەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدایەوە لەگەڵ قۆناغی دووەمی هێرشەکانی ئیستعمار....ئەم سیاسەتە بەتەنها دژی گەلانی رەش پێست پەیرشەو نەکراوە، بەڵکو لەنێو وڵاتانی ئەوروپاش رەنگدانەوەی هەبووە، بۆ نموونە لەفەرنسا ململانێی نێوان لایەنگرانی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی(١٧٨٩) و لایەنگرانی رژێمی کۆن پاڵی بەهەندێ زانا ناوە لەمانە(ئۆگست تیری) بۆ ئەوەی لەکتێبەکەی کەناوی(چەند

نامەیەك لەمێژووی فەرەنسا)یە لەساڵی (١٨٢٧) بڵاوبۆتەوە تیۆرەكی نەژادگەری دارێژیٚ و تیایداهاتووە، فەرەنسا لەرووی سیاسیەوە لەماوەیەكی درێژدا دابەشكراوە بەهۆی پێكهاتەی گەلەكەی لەنێوان دوو نەژاددا یەكێكیان(گالۆ رۆمانیەكانن) كەیەكەمین خەڵكن لەسەر خاكی فەرەنسا نیشتەجیٚ بوونە ئەوی تریشیان هێرشكەرانی ئەڵمانین... یەكەمیان لەنێو جوتیارەكانن، بەڵام دووەمیان پەیوەندیان بەچینی ئۆروستوكراتیە هەیە.

شۆڕشی فەرەنسیش درێژخایەنی ئەم ململانیٚ یەیە لەنێوان ئەم دوو رەگەزە گالۆ رۆمانیەكان لایەنگری شۆڕشی فەرنسان و بەهۆی سروشتی چینایەتیان پاڵپشتی لەئازادی و دیموكراتی دەكەن، بەڵام ئەوانی تر هەمیشە سەرقاڵی رژێمی ستەم و زۆردارین.

پاشان لەساڵی (١٨٧٤) لەكتێبێكدا نارەزایی بەرامبەر یەكسانی كۆمەڵایەتی نێوان خەڵكان دەردەبرشی و دەڵیٚ: لەهەمەوو نەتەوەیەك جیاوازی لەنێوان ئۆرستۆكراتەت و گەلدا هەیە.

ئۆرستۆكراتیەكانی ئەوروپا سەرچاوەیان بۆ رەگەزی ئاری دەگەرێتەوە ئەم رەگەزەش بەگوێرەی سروشتی خۆی دەسەڵاتدارەو داهێنەری شارستانیەت و مەدەنیە، هەر ئەم رەگەزەش بۆتە هێنانە كایەیە رێكخستنی سیاسی و بیروهونەرو رۆشنبیری و پێشكەوتن بۆ ئەوروپا، بەڵام گەل لەچەند نەژادێكی لاواز پێكهاتووەو هەر لەسەرەتاوە كەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی رەگەزی ئاری.

لەراستیدا نەژادگەری لەنێوەندەکانی فەرەنسی و بەریتانی سەری هەڵدا پاشان بۆ ئەڵمانیا گواسترایەوە و لەم وڵاتەش زۆر بەقووڵی گرنگیان پێداو پێشیانخست، ئەوانەی لەم بوارەوە کاریان کرد(فیختە) ی فەیلەسوف بوو لەکۆمەڵە وتارێکی کەئاراستەی گەلی ئەڵمانیا کرد لەماوەی داگیرکردنی ئەڵمانیا وە لەلایەن ناپلیۆن جەختی دەکرد کە گەلی ئەڵمانیا تاکە گەلێکی زیندووە کەتوانیویەتی زمانەکەی بپارێزێ بەرامبەور بەمەش زمانەکانی تری ئەورووپی نامۆن و پێویستە لەسەر گەل بەرەنگاریان بێت و لەناویان بەرێت، لەم سۆنگەوە بیرو دیدو بۆچوونەکانی (فیختە) لەژیانی سیاسی ئەڵمانیا رۆڵێکی بەرچاوی گێرا، لەم بارەیەوە (گلیۆمی دووەمی) قەیسەری ئەڵمانیا لەو پەری هێزو دەسەڵاتداریدا دەیگوت (ئێمە خوێی زەوین ٍدروستکراوین بۆ ئاوەدانکردنەوەو بەشارستانیەت کردنی جیهان. واپێدەچێ گۆرانکاریەکی گەورە لەپێشکەوتنی تیۆریەکانی نەژادگەری لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی (هۆستن ستیورات) ی نووسەری ئینگلیزی (١٨٥٥-١٩٢٧) هاتبێتە دی. ئەم نووسەرە لەرێگای کتێبەکەی بەناوی (بنەماکانی سەدەی بیستەم) ئەفسانەی گەلی ئاری بەکار هێنا بۆ بەرزکردنەوە و زیندووکردنەوەی ئەڵمانیەکان. پێ ی وایە ئارییەکان نەك چینێکی ئۆرستۆکراتین بەڵچکو نەتەوەیەکن، کەنەتەوەی ئەڵمانیایە.

ئەڵمانیەکان پشتیان بەتیۆریەکانی ئەم نوسەرە بەست وەك پاساوێك بۆ داگیرکردن و فراوانکردنی سنوری وڵاتیان(گلیۆمی دووەمی) قەیسەر مەدالیای خاچی ئاسنینی پێ بەخشی و (هیتلەر) لەساڵی (١٩٢٣) بایەخێکی گەورەی پێدا بەر لەنووسینی کتێبە ناودارەکەی بەناوی(کفاحی) .

نازییەکان بیرو باوەری نووسەریان کردە بناغەیەك بۆ بنەمای بیری سیاسیان پاش ئەوەی چەند گۆرانکاریەکیان تیادا هێنایە دی. ململانێی نێوان ئۆرستۆکراتیەت و گەلی نا ئاریان گۆری بۆ ململانێی لەنێوان یەهود و نایەهودیەکان بەمانایەکی تر گەلێك کە بۆ نەژادێکی بەهێزو بەتوانا دەگەرێتەوە لەگەڵ نەژادێکی کزولاواز، بەهەر شێوەیەك بیت هەولچ دەدا ژیان وپێکهاتەی یەکەم لەناوببات. لێرەدا بەدیار دەکەوێ کەهەڵویست و بزوتنەوەکانینەژادگەری رۆلێکی مەزنیان لەمێژووی مرۆڤایەتی بینیوە، ئەمەشیان لەپەیوەندیەکانینێوان رەگەزەکان و گەلان یاخود لەململانێ ی نێو هێزە کۆمەلأیەتیەکانی جیاوازی وڵاتێك بەدیار دەکەوێ.

گومانی تیادا نی بیرۆکەی بەرزکردنەوەی نەژادێك دژی ئەوی تر لەبنەرِەتەوە پەیوەندی بەچەوساندنەوەو ستەم وزۆرداریەوە هەبووە، هەروەها پەیوەست بووە بەدەسەڵاتی ئیستعمار لەهەمان کاتیش هەوڵدانێك بووە بۆ ئەوەی گەل لەگیروگرفتەکانی سەرەکی کەپەیوەندی بەژیان و مانوەی هەبووە دوور بخرێتەوە. لەسەدەی شانزەهەم و

لەقۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی ئیستعمار وڵاتانی ئەورووپا پروپاگەندەیان بۆ جیاوازی رەگەزایەتی دەکرد لەپێناو چەوساندنەوەی گەلانی تر، ئەمانە لەماوەی قۆناغی دووەمی ئیستعمار لەسەدەی نۆزدەهەم وبیستەم بۆ جارێکی تر و سەرلەنوێ بڵاوبوونەوە. لەکۆتاییدا لێکۆڵینەوەکانی زانستی بیروبۆچوونی تیۆریەکانی نەژادگەری پوچەڵ کردۆتەوەو روونیشی کردۆتەوە کە هیچ بنەمایەك زانستی بۆ جیاوازی لەنێوان رەگەزەکانی مرۆڤایەتی دا نیەو ئەگەر بەدیاریش بکەوێت ئەوە بۆ سروشتی مرۆڤایەتی ناگەرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەو چەند هۆیەکی تری مرۆڤی یەوە هەیە.

کورتە باسێك دەربارەی مێژووی حزبە سیاسیە کۆنەکان

کۆمەڵگەکانی پێشوو لەزۆربەی کاتدا مل کەچی ستەم و زۆرداری بوونەو دەسەڵاتی پاشاکان یرۆز بووە، گوایە لەلایەن خواوە نێردراون دەبێت بەم شێوەیە حوکم بکەن، بۆ ئەمەش دەسەڵات سەپێندرا بوو مرۆڤی ئەوساش نەیدەتوانی بەرانبەر بەم حاڵەتە هەنگاوێکی شیاو پەیڕەو بکات، پێویست بوو فەرمانەکان و ئامۆژگارییەکانی دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێ بکات، کەچی روون و ئاشکرایە دەسەڵاتی پاشاکان گوایە بەهایەکی پیرۆز و کارێکی بەنرخە و فەرمانەکان لەخواوە وەردەگرن بەدیار کەوت بنچینەیەکی راستی نەبووەو پلانێکی دارێژراوبووە.

لەبەر ئەمەش کۆمەڵگای کۆن چەند شیچوازێکی لەدەسەڵاتی پادشایەتی رەها بینیوە ، بۆ نموونە میسر کاتی فەرعەونەکان فەرعەون وای نیشان دەدا کەخوایەو دەبێت بیپەرستن، هەروەهالەولاتانی هیندستان و چینیش ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەبووە، بۆ ماوەیەکی زۆر گەلی ئەفسانەو کاریگەری دوور لەراستی دەسەڵاتی بەسەر ئەم کۆمەڵگایانە سەپاندبوو لێرەشدا ئایین کاریگەرییەکی قوڵی بەسەر خەڵکدا هەبووە خەڵکیش بەشێوەیەکی رادەبەدەر خولیای ئایین بوون هەر لەبەر ئەم هۆیەشە پیاوانی ئایینی شوێنێکی دیاریان لەناو خەڵکدا پەیدا کردبوو دەسەڵاتیان تا دەهات بەرەو زیادبوون دەچوو.

ئینجا لێرە حاکمی ئەو سەردەم ئاینیان دەکردە بیانوویەك بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان پەرەپێچ بدەن و درێژخایەن بکەن، بەدرێژایی کاروانی ژیانی مرۆڤایەتی هەمیشە دوو هێز لەئارادابوونە یەکێکیان کۆن و بەرو نەمان دەڕوات ئەوی تریشیان نوێیەو لەگەشەدان دایە، بەڵام هەر دەمێنێتەوە وەکو ئایین کەتووشی لاوازی و کزی دەبێت کەچی هەر بەزیندویی دەمێنێتەوە کاری راستەوخۆ و ناراستەوخۆی بەسەر کۆمەڵدا بەردەوام دەبێت.

ئەغریقیەکان ئەو کاتەی دیموکراسیەتی (شار) یان هێنایە کایەوە بەسەرکەوتنێکی گەورە لەقەڵەم درا، هەرچەندە ئەم دیموکراسیەتە دابڕاو لاواز بوو لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە گشتی نەبووەو هەموو کەسێکی نەگرتۆتەوە کۆیلەکان مافی ئەوەیان نەبووە بەشداری لەبەرێوەبردنی کاروباری (شار) بکەن، ئافرەتیش لەو مافە بێبەش بووە. مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کەفەیلەسووفەگەورەکانی ئەسینا باوەڕیان بەدیموکراسیەت نەبووە، تەنها سوقرات نەبێ زۆربەی کات فەیلەسووفەکان دژی دیموکرایەت وەکو رووکەشێك باڵی بەسەرئەسینادا کێشابوو، بەڵام چینی ئۆرستۆکراتیەت بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر شار داگرتبوو شارەکانی یۆنانی دابەش کردبوونە سەر دووچین چینی ئۆرستۆکراتیەکان وچینی هەژارەکان . هەر لەم بارەیەوە (ئەرستۆ) کاتێ وەسفی کۆمەڵگای ی یۆنانی دەکات ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتکە ئەم کۆمەڵگایە لەدوو شار پێك دێن شاری هەژاران

و شاری دەوڵەمەندان(ئەرستۆ) هەر بەمەیش نەوەستاوە بەڵکو هۆیەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی بۆ هەژاری گەڕاندۆتەوەو سەبارەت بەپەیوەندی نێوان هەژاری و شۆڕش دەڵێ(هەژاری دایکی شۆڕشەکانە) ئەم بارودۆخەی ئەغریقیەکان کاریگەری خۆی پەیدا کرد لەمەڕ بەدیارکەوتنی هەندێك حزبی سیاسی لەمانە حزبی(چیا بەرزەکان) هەڵوێستی ئابووری بەسەر بیروباوەرەکانی زاڵ بوو، حزبی (دەشت) هەڵویستی پارێزگاران بوو کەچی حزبی (کەنار، سیاسەتی لەنێوان رادیکاالیەت و پارێزگاران بوو) سیاسەتی ئەم سێ حزبەش تەنها بەکاریگەری ئابووری نەبەسترابۆوە ، بەڵکو چەند هۆکارێکی تریش هەبوون وەکو جیوازی نێوان دانیشتوانی کۆن ونوێی شاری ئەسینا هەروەهاجیاوازی نێوان هاولاتیانی یۆنانی و ئەو بیانیانەی سیفەتی هاولاتیان وەردەگرت ، جگە لەمانەشجیاوازی نێوان خێزانەکان و ئەو هۆزانەی کۆمەڵگای (ئەسینا) یان پێك دەهێنا. حزبە سیاسیەکانی ئەسینا رێکخستنێکی ئەوتۆیان نەبوو، هەروەك حزبەکانی ئێستا بەرانبەر بەمەش نوێنەری چەند لایەنێك بوونەو رۆڵی خۆیان لەژیانی سیاسی دەگێرا، بیرۆکەی دامەزراندنیان بۆ کەسایەتییەکی سەربازی یاخوود سیاسی دەگەرێتەوە. لای رۆمانیەکان دیموکراسیەت شوێنێکی دیاری ئەوتۆی نەبووە بەهۆی ئەوەی سروشتی رۆمانییەکان وەهەڵ کەوتبوو کە زۆر جار بایەخیان بەتیۆری سیاسی نەدەدا و سەربازی جەنگ بوون وزۆربەی کاتیش خەریکی شەڕوشۆڕ بوون ، هەروەها

رایان وابوو گەل لەچەند چینێکی ژێرەوە پێکهاتووە، ئەم تێڕوانینەو گەلێچ هۆکاری تر بوونە هۆی هەڵگیرسانی ململانێ وکاری توندوتیژی و بەدیار کەوتنی بزوتنەوەی سیاسی دژی چینی فەرمانڕەوا(دۆما) ش بەش بەحاڵی خۆی هەندێك حزبی سیاسی تێدا هەڵکەوت لەمانە حزبی (گەورەکان) و (دیموکراتی) و(کۆماری)... عەرەبەکانیش لەبارەی دیموکراسیەت و حزبی سیاسی پەیوەستیان لەگەڵ ئەم کارانە زۆر لاواز بوە، دیموکراسیەت لەژیانی عەرەبەکان زۆر کەو دەتوانین بڵێن هەر نەبووە، چونکە خێزان یاخوود هۆز بناغەی ژیانیان بووە، بۆیە حزبی سیاسی لەنێوانیاندا هەر نەبووە، ئەمەیان پێش سەرهەڵدانی ئاییینی ئیسلام بووە بەڵام ئەو کاتەی ئاینی ئیسلام وەك شۆرشێك چەند گۆرانکاریەکی قووڵی بەسەر ژیانی عەرەبەکان هێنا، بۆیە لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دوو لایەن هەبوون (حزب الله) ئەو کەسانەی ئیمنداربوون(حزبی شەیتانیش) پەیوەندی بەکافرەکانەوە هەبووە کۆمەڵەی یەکەم باوەڕی تەواویان بەئاییینی نوێ هەبووە، کۆمەڵەی دووەمیش هەموو هێزێکیان بەکار دەهێنا دژ بەئاییینی نوێ.

کاتی حوکمڕانی خەلیفە عومەری کوری خەتاب هیچ حزبێکی سیاسی نەهاتۆتە کایەوە بۆ ئەوەی دژایەتی دەسەڵاتی خەلیفەکان بکات، بەڵام لەحوکمڕانیەتی خەلیفە عوسمانی کوری عەفان ناکۆکی زۆر پەیدابووە لەسەر بابەتب دەسەڵات و کێ مافی ئەوەی هەیە

ببێته(ئیمام) کەچی سەردەمی خەلیفە عەلی کوری ئەبوو تالب هەندێك کۆمەڵەی سیاسی ئیسلامی پەیدابوون، ئەم کۆمەڵانەش حزبی سیاسی بوون لەبەر ئەوەی هەوڵیان دەدا بگەنە دەسەلاتی سیاسی هەروەها لەبارەی رێکخستن و کاری حزبایەتی زۆربەهێزبوون... ئەورووپاش رێکخراوی سیاسی زۆری بەخۆیەوە بینی بەڵام جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ حزبی سیاسی ئێستا هەبوو، بۆنموونە لەبەریتانیا کە مەڵبەندی پەرلەمانەپەرلەمان هۆیەکی کاریگەربوو بۆ بەدیارکەوتنی حزبی سیاسی ، دوو حزبی سیاسی لەئەنجوومەنی گشتی کاریان دەکرد یەکێکیان پشتیوانی لەپاشا دەکرد ئەوەی تریشیان پاڵپشتی لەپەرلەمان و داکۆکی لەگەڵ دەکد.... زۆربەی نووسەرەکان لەو باوەڕەدان لەکۆتایی سەدەی حەڤدەهەم حزبی سیاسی لەبەریتانیا لەدایك بووە.

لەفەرەنساش پەیدابوونی حزبی سیاسی کارێکی نوێیە چونکە تاناوەڕاستیسەدەی نۆزدەهەم حزبی سیاسی بەمانای تەواو نەبوو جگە لەمەش شۆڕشی فەرەنسی حزبی سیاسی رێك و پێکی بەخۆیەوە نەگرتبوو هەرچەندە کۆمەڵەی لەنێودا هەبوو وەکو کۆمەڵەی (چیاکان و جیروندەکان) یەعاقبەکانیش وەك حزبێکی سیاسی نەبوون بەڵکو ئەندام بوون لەیانەیەك.

هۆیەکانی سەرهەڵدانی حزبی سیاسی زۆرن لەمانە هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی جگە لەمانەش بیروباوەڕو نەریت و

جیاوازی ئایینی و ڕەگەزی کاریگەری تەواویان هەیە بۆ پەیدابوونی حزبی سیاسی هەروەها ستەم وزۆڵمی دەسەڵاتی سیاسی کەلەلایەن کەمایەتیەکەوە بەکار دەهێنرێن دەبێتە هۆیەکی تر.

گومانی تێدانی یە حزبی سیاسی لەهەر شوێنێك بێت رەنگدانەوەی بارودۆخی ئەم کۆمەڵگایەیە کەتیایدا سەرهەڵدەدات و هەمیشە بەبەردەوامی هەوڵ دەدا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی.

پێکهاتەی حزب لەئەوروپا و
وڵاتانی جیهانی سێیەم

گومانی تێدانیە حزب لەهەر کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵبدات رۆڵێکی ئەوتۆ لەژیانی گشتی دا دەگێڕێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی .... پێکهاتەی حزب رەنگدانەوەی باری ئەو کۆمەڵگایەیە کەتیایدا لەدایك دەبێت بەڵام وەك دیاردەیەکی مێژوویی جیاوازی لەنێوان ژیانی سیاسی وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەدی دەکرێت بەتایبەتی دەربارەی پێکهاتەی حزب و شێوازی ململانێ و بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی لەتواناداا هەن بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی — لەکۆنەوە ئەوە سەڵمنراوە کە ئەو حزبەی هەوڵی بەدەستهێنانی سیاسی لەقەڵەم نادرێت چونکە پێویستە لەرێگای دامو دەزگاکانی دەوڵەتەوە توانا و ئەزموونی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی کارکردندا تاقی بکاتەوە....

لێردا پێویستە ئاماژە بەهەندێ پێناسە بکەین سەبارەت بەحزب و ژمارەیك لەپشپۆرو شارەزاو مامۆستایانی زانکۆ لەو باوەڕەدان کە حزب (جۆرە یەکگرتنێکی کۆمەڵە خەڵکانێکە کەبنەما سیاسیەکان لێکیان نزیك دەخاتەوە...

یان (کۆمەڵە خەڵکێك بەهۆی کارکردنی هاوبەشیان هەوڵ دەدەن بەرژەوەندیەکانی گشتی جێبەجێ بکەن بەپێی بناغەیەك کەهەموویان لەسەری رێکەوتوون).

یاخوود حزب(ئەو ڕێکخراوەیە لەرێگای راوبۆچوونی هاوبەش لەیەکتر نزیك دەبنەوە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی گەورە بخاتە سەر گارگێری گشتی).

حزب (ئامرازێکە بۆدیموکراسییەتی نویێ).... پێکهاتەی حزب لەولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازی هەیە... لەژمارەیەك لەولاتانی رۆژئاوا دیاردەی هەڵبژاردن هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ سەر هەڵدانی حزبە سیاسیەکان و کۆتایی هێنان بەحوکمی تاکڕەوی کە ماوەیەکی درێژ ئەم ولاتانەی گرتبۆوە، بەلام پاش ئەوەی دیموکراسیەت لەئەوروپا و ئەمەریکا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەدیارکەوت کە پەرلەمان ناتوانێت گوزارشت لەم سیستەمە بکات بەتەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان نەبێت.

بەم هۆیەوە (جان جاك رۆسۆ) نووسەرو ڕووناکبیری فەرەنسا هێرشی کردە سەر سیستەمی پەرلەمانی ئینگلتەراو لەمبارەیەوە دەلێ (گەلی ئینگلیز پێی وایە ئازادە، بەلام لێرەدا بەهەڵە داچووە تا هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ئازادە دوای ئەم پرۆسەیە دەبێتە کۆیلە یان هیچ شتێکی لەدەستدا نامێنێت). سەرەرا ئەمەش سیستەمی حوکمڕانیەت لەولاتانی رۆژئاوا لەرێگای هەڵبژاردنەوە بەرێوەدەچێت کە رێگایەکی یاسایی و ئاشتیە بۆ گەیشتن بەدەسەلاتی سیاسی بەم هۆیەوە ململانێی حزبە سیاسیەکان لەپێناو جەنگی هەڵبژاردنە، لەکۆتاییدا حزبی سەرکەوتوو دەبێتە حزبی فەرمانڕەواو حزبی دۆڕاویش دەبێتە حزبی

بەرهەڵستکار، ئەم دیاردەیە لەبەریتانیاو ولایەتەیەککگرتوەکانی ئەمەریکا زۆر بەزەقی بەرچاو دەکەوێت، ژیانی سیاسی لەم ولآتانە داخراوو نهێنی نیە، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت دیموکراسیەت رۆژئاوا باوەڕی بەئازادی گشتی و مافەکانی تاك هەیە و ئەم ژیانە بۆ دیموکراسی و حزبەکان دەگەڕێتەوەو دیموکراسیەت بەبێ دیموکراسی بوونیان نیە... لێرەدا بەدیار دەکەوێت کە حزبە سیاسیەکان رۆڵێکی بەرچاویان گێراوە بۆ هێنانەدی دیموکراسیەت.... بەپێچەوانەی ئەمبارە .. حزب و ژیانی سیاسی لەولآتە تازە پێشکەوتووەکان جیاوازیەکی گەورەی هەیە ئەگەر بێتو بەراوردبکرێت لەگەڵ ژیانیسیاسی وولآتانی رۆژئاوا .... ژیانی سیاسی لەزۆربەی وولآتە تازە پێگەیشتووەکان نائارامی و ناسەقامگیری پێوە دیارە ململانێی بوارەکانی کۆمەلآیەتی و سیاسیو ئابوری کاریگەرییەکی گەروە دەخاتە سەر قولبوونەوەی ناکۆکی و جیاوازی دەرەنجام بەکودتای سەربازی یان دیکتاتۆریەت کۆتایی پێ دێت. ... دیاردەیەکی زەق و ئاشکرا پەیوەستە بەزۆربەی رژێمەکانی ئەم ولآتانە ئەویشیان دەزگای سەربازییەکە کۆنترۆڵی سەرجەم لایەنەکان دەکات... چەندین هۆکار بوونەتە سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لەمانە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلآیەتی و لاوازی رۆڵی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سستی لایەنەکانی هزری و رۆشنبیری و نەبوونی دامودەزگای کارگێری کاریگەر وێرای بلآوبوونەوەی دەمارگیری و زالبوونی هەستی عەشایری

و خێڵەکی....بەپێویست دەزانرێت کەتیشك بخرێتە سەر لایەنەکانی هزری و رۆشنبیری. بێگومان رۆشنبیری رۆڵێکی گەورە لەژیانی میللەتان دەگێرێت ... ئاشکرایە کەهەموو میللەتێك خاوەن رۆشنبیریەکی تایبەتە هەرچەندە هزرو بیری مرۆڤایەتی یەك سەرچاوەیە لەرووی هزریەوە پێویستە کراوە بێت و بەبەردەوامی بیروبۆچوونی نوێ قەبوڵ بکات بەمەرجێك لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە بگونجێت خۆ دوورخستنەوە و گۆشەگیری لەم لایەنەوە پێویستە هەموو گەلێك لەهەوڵی بەردەوامدا بێت بۆ زیندووکردنەوەی بوارەکانی رۆشنبیری.

ئەمەشیان لەرێگای سوود وەرگرتن لەکەلەپووری شارستانیەت دێتە دی سەرە ڕای ئەمەش سەرجەم میللەتەکان تایبەتمەندو خاوەن کەلەپووری خۆیانن.... شۆڕشی رۆشنبیری فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەسەندنی کەلەپوورو بنەما رەسەنەکانی هەموو گەلێك لەپێناو چارەسەرکردنی بیروبۆچوونی هەڵە بەسەر چوو رۆشنبیری پردێکە بۆ بەستنەوەی ئێستا بەرابردوو بەبیروهزری مرۆڤایەتی روو لەکرانەوە دەکات... رۆشنبیری سیاسی زۆر پێویستە بۆ جەماوەر چونکە کاروانی دیموکراسی پەیوەستە بەرۆشنبیری سیاسی جەمتوەرو پابەندە بەزانیاریەکان وێرای پەیوەندی بەگەشەسەندنی ئابورییەوە...ئەگەر بێتو زۆربەی رۆڵەکانی گەلێك نەخوێندەوار بن ئاوا توانای گۆڕین و کراوەیان روو لەلاوازی دەکات لەئاکامدا ئەگەر جەماوەر لەرۆشنبیری و گەشە سەندنی ئابووری بێ هێزبن لەدەسەڵات و کارکردنی ژیانی سیاسی دوور

دەکەنەوە گرنگی رۆشنبیری هەر گەلێك کاریگەرییەکی فراوان دەخاتە سەر چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بەم شێوەیە نزمی ئاستی رۆشنبیری لەزۆربەی ولآتە تازە پێگەیشتوەکان زەمینەیەکی لەباری خولقاندووە بۆ زالبوونی رژێمی دیکتاتۆریەت و لەزۆربەی کاتیشدا دەسەلآتی سیاسی و ئابووری خراوەتە ژێر دەستی کەمینەیەك کەئامانجی سەرەکیان کۆکردنەوەی پارەو بەهێزکردنی لایەنی سەربازییە لەپێناو مانەوەو درێژەدان بەحوکمی تاکڕەوی. (دانتۆن) کەیەکێکە لەسەرکردەکانی شۆڕشی فەرەنسا بەم شێوەیە گوزارشت لەرۆشنبیری دەکات(دوایی نان مەعریفەت پێویستی یەکەمی گەلە).

پارتەسیاسیەکان و دیموکراسیەتی رۆژئاوا

بێگومان پارتی سیاسی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا رەنگدانەوەی بارودۆخی ئەم کۆمەڵەیە کە لەناویدا سەری هەڵداوە .

لێرەدا بەپچویستی دەزانین ئاماژە بۆ رۆڵی پارتەسیاسیەکان لەدیموکراسیەتی رۆژئاوا بکەین کە دیاردەی هەلچبژاردن هۆیەکی تر بوو بۆ پەیدابوونی پارتە سیاسیەکان بەزۆریش بناغەیان بۆ لیژنەکان دەگەرێتەوە .

مێژووی ململانێی نێوان دیموکراسیەت و فەرمانرەوای رەها ماوەیەکی چاکی خایاند تا ئەو کاتەی دیموکراسیەت بەسەریدا زاڵ بوو، بەتایبەتی لەئەورووپا و ئەمەریکا پاشان ەدیارکەوت ئەو هێزو توانایەی لەرێگای پەرلەمانەوە بەدی هاتوون گوزارشت لەویست و ئارەزووەکانی گەل ناکەن. ئەوەیشیان لەبەر هۆیەکی سادە چونکە گەل بەگوێرەی دەستورەکانی وڵاتانی پەرلەمان ناتوانێت و بۆی نیە گوزارشت لەویست و ئارەزووەکانی گەل ناکەن، ئەوەیشیان لەبەر هۆیەکی سادە چونکە گەل بەگوێرەی دەستورەکانی ولاتانی پەرلەمان ناتوانێت و بۆی نیە گوزارشت لەراکانی خۆی بکات، تا کاتی سازدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لەم بارەیەوە(جان جاك رۆسو) ی نووسەری فەرنسی ناودار لەسەدەی هەژدەیەم هێرش دەکاتە سەر رژێمی پەرلەمانی بەریتانیاو دەڵێت گەلی ئینگلیز پێی وایە ئازادە، بەڵام لێرەدا بەهەڵە داچووە تا

هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان ئازادە دوای ئەم پرۆسەیە دەبێتە کۆیلە یان هیچ شتێکی لەدەستدا نامێنێت).

روسۆ لەم روانگەیەوە داوای چاکسازی و راست کردنەوەی دیموکراسیەت دەکات بۆ ئەوەی ببێتە دیموکراسیەتێکی راستەوخۆ.

هەڵبژاردنەکان خالچ ێکی سەرەکی ژیانی رژێمەکانی رۆژئاوایە و لەرێگەی دەنگدانی گشتی ئەنجام دەدرێت، بەرای وان رێگەیەکی شەرعی و ئاشتییە بۆ ئەوەی بە دەسەڵات بگەن. پارتەسیاسیەکان ململانێیەکی توندیان لەنێواندا دێتە کایەوە کاتێك لەدەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان پارتی سەرکەوتوو دەبێتە پارتێکی فەرمانڕەوا و پارتی دۆراویش دەبێتە بەرهەڵستکار، ئەم دیاردەیە لەبەریتانیاو ئەمەریکا زۆربەزەقی دیارە لێرەدا ژیانی سیاسی لەرۆژئاوا لەسەر بناغەیەك بەرێوەدەچێت ، گوایە ململانێی سیاسی دەبێت ئاشکراو کراوەبێت، نەك نهێنی و داخراوبێت . بەرهەڵستکاران رۆڵێکی چاك دەگێرن بۆ ئەوەی پارتی سەرکەوتوو لەسنوری خۆی لانەداو پابەندی جێبەجێکردنی بەرنامەکەی بێت، ئەو بەرنامەیەی لەکاتی هەڵبژاردن پروپاگەندەی بۆ دەکرد، جگە لەمەش دیموکراسیەتی رۆژئاوا باوەڕی تەواوی بەسەربەستیە گشتیەکان و مافەکانی تاکە کەس هەیە، هەر لەبەر ئەوەش ژیانی سیاسی لەکۆمەڵگاکانی رۆژئاوا بەدوو شت بەندن یەکێکیان دیموکراسیەتەو ئەوی تریشیان پارتەکانن، لەدیدوبۆچوونی ئەوان دیموکراسیەت بوونی نییە بیچ پارتەکان، هەروەها پارتەکانیش

بوونیان نییه بێ دیموکراسیەت. گومانی تێدانییه پارته سیاسیەکان ڕۆلێکی بەرچاووشیاویان لەدامەزراندن و پێکهاتنی ڕەگ و ریشەی دیموکراسیەت گێراوە، ئەوەیان ڕاستیەکە ، بەڵام ڕاستەیکی تر هەیە کە پەیوەستە بەسەرمایە کە فشارو پاڵەپەستۆیەکی گەورەو بەهێز دەخاتە سەر ژیانی سیاسی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا، خاوەن سەرمایەکان لەزۆربەی کەسانی تر سەربەست و ئازادترن، لەئاکامدا دەسەڵاتی سیاسی لەرۆژئاوا کەوتە ژێر دەستی دەستەیەك یاخود چینێك جگە لەمانەش دوای جەنگی جیهانی دووەم پارتە سیاسیەکان ڕۆڵیان کەم بۆوە بەتەنها پارتە گەورەکان لەگۆرەپان مانەوەو سەندیکاکانیش کاریگەریەکی گەورەیان لەمەڕ سیاسەتی ڕۆژئاوا هێنایە کایەوە، هەروەها بارودۆخی دوای جەنگ کارێکی زۆری لەسەر ئەوە کرد، کەدەسەڵات ببێتە مەرکەزی ، چونکە جیهانی دوای جەنگ و پێشکەوتنی شۆڕشی زانستی و سەرەرشای ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگای رۆژئاوا بەتوندی هەژاند، ئەمانە وایان کرد دیموکراسیەت و پارتە سیاسیەکان توانای ئەوەیان نەمێنێت وبیست و ئارەزووکانی گەلانی ڕۆژئاوا بهێننە دیز

ئینجا لێرەدا ئەو پێشکەوتنە زانستیە گەورەی کە گۆرانکارییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژئاوا کرد جگە لەو هۆکارانەی هاندەربوون بۆ ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانان ببەزێنێت.

هەرچەندە لەدیموکراسیەتدا پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان باڵادەست بێت تاوای لێهات دیموکراسیەت لەفەرەنسا دووچاری شکستی بێت ، هەروەکو پێشتر ئەڵمانیا و ئیتالیا دووچاری هاتبون، وێڕای ئەمانەش رۆڵی راگەیاندن بەدیار کەوت لەم رێگەیەوەش پەیوەندی کۆنی نێوان جەماوەرو دەزگاکان هەرەسی هێنا، بەمەش دەسەڵاتی سیاسی چەکی نوێی هێنایە کایەوە ، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم رێگەیەوە کاریگەرییەکی گونجاو بخاتە سەر مێشك و دەروونی ئەو خەڵکانەی متمانەو باوەڕیان بەدەسەڵات و پارتە سیاسیەکان کەم دەبێتەوە.

بەدیار کەوتنی پارتەسیاسیەکان لەجیهانی سێیەم

بێگومان سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکان لەجیهانی سێیەم جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ وولاتانی رۆژئاواو وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەیە، زۆربەی پارتەکان لەدەرەوەی پەرلەمان و لەسەر ئاستی جەماوەری پەیدابوون ، بۆ نموونە بەدیار کەوتنی پارتی گۆنگرەی هێدی و کۆمنتانگی چینی و پارتەکانی تری ژاپۆن بۆ هۆکارەکانی ناوەخۆو پێش کەوتنی مێژوویی گەورە دەگەرێنەوە، کە زۆر جیاوازن لەگەڵ بارودۆخی ولاتانی رۆژئاوا.

لەبەر ئەمەشە ئەم پارتانە سەبارەت بەپێکهاتەو کارکردن و ئامانجەکانیان جیاوازییان لەگەڵ جیهانی رۆژئاوا دا هەیە، کاتی خۆی هێزەکانی ئیستعماری چەند بنکەوئەنجوومەنی نوێنەران و پەرلەمانی پێکهێنابوو وەك دیاردەیەکی رووکەش دەربارەی سیاسەتی ناوەخۆو دەرەوەی کەچی بزوتنەوەکانی نەتەوەیی لەزۆربەی حاڵەتدا ئەم رەفتارەیان رەت دەکردەوە و رازی نەدەبوون لەژێر دەسەلاتی پەرلەمانێکی دەستکردو ئامادەکراو کاربکەن، بزوتنەوەی نەتەوەیی لەهیندستان گەشەی سەندو بوژایەوە، پێش دامەزراندنی پەرلەمانی وولایەتەکانی هیندی و بەردەوامیش بەشداربوونی لەنێو ئەم پەرلەمانە رەت دەکردەوە، چونکە دەستکردی دەسەلاتی بێگانە بوو بۆ ئەمەش بزوتنەوەکە فراوانتربوو و بووە بنکەیەکی جەماوەری گەورە.

هێزەکانی بێگانە هەمیشە ڕێگایان لەم وولاّتانەدەگرت بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی رزگاری هەر لەبەر ئەمەش زۆر لەبزوتنەوەکانی نەتەوەیی کاری نهێنیان گرتەبەرو وەك ڕێکخراوێکی سەربازی دەهاتنە بەرچا هەندێك لەوولاّتانی ئاسیاو ئەفریقیا ئەم شێوەیان بینیوە پارتی کۆمنتانگ لەچین لەسالاّنی بیستەکان لەلایەن ئەنتلجنسیاوە هاتەکایەوە ، بەبەردەوامیش هەولّی دەدا وەك هێزێکی و سەربازی لەزۆربەی ناوچەکانی چینی کارەکانی ئەنجام بدات خالێکی تری ئەم باسە لەوەدایە جیهانی سێیەم پێش ئەوەی پارتە سیاسیەکانی تیا هەلّکەوێت زۆربەیان کەوتبوونەتە ژێر دەسەلاّتی ئیستعماری و دەرفەتێکی ئاوایان بۆ نەرەخساوە بۆ ئەوەی ژیانی پەرلەمانی ببینن و پاشانیش وردە وردە ببێتە هۆی پەیدابوونی پارتە سیاسیەکان لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین ئەو پارتانەی دامەزراون لەسەر ئاستی جەماوەری دووچاری رکابەرایەتی پارتی نەبوینەتەوە ئەمەش وای کردووە، ململانێیەکی توند لەسەر کێشەی دەسەلاّت بێتە کایەوە.

هەندێك ولاّتانی ژێر دەسەلاّتی ئیستعماری بەریتانی لەمانە هیندو کینیا و ئۆگەندا و نێجیریا و بۆرما و سریلانکا سیستەمێکیان لەنێودا باو بووە بۆ بەشداربوونی نیوەی دەسەلاّتی سیاسی لەنێوان ئیدارەی ئیستعماری و خەلّکانی ئەم ولاّتانە ئەم کردارە پێی دەگوترا (دیارکی) و کاردانەوەی لەسەر ژیانی پارتە سیاسیەکان هەبوو.

ئوم سیستەمە لەنێو بەریتانیا لەسەدەی نۆزدەهەم پەیڕەو دەکرابۆ بەشداربونی هەندێك کەرتی کۆمەڵایەتی بۆ پیادەکردنی سیاسەت و چاودێری کردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

ئیدارەی ئیستعماری گەورەترین بەرپرسیەتی لەمەڕ دواکەوتنی ژیانی دیموکراسی ئەم ولاتانە لەئەستۆدایە، چونکە حوکمێکی بیروقراتی پەیرەو دەکرد جگە لەمەش لەم وولاتانە سیستەمی دیاریەکی پیادەدەکراو رێگای بەو خەڵکانە نەدەدا بەشێوەیەکی رێك و پێك ململانێیێ و رکابەرایەتی بەئەنجام بگەیەنن، یاخوود هیچزێك دروست بێت بۆ بەرهەڵستکاری کردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا هەر ئەمەشیان زەمینەیەکی باشی دروست کرد بۆ ئەوەی پارتێك بەتەنها لەسەردەمی سەربەخۆیی دەسەڵات لەئەستۆ بگرێت.

لێرەدا دێینە سەر لایەنێکی تری ئەم باسە ، ولاتەکانی ئەمەریکای لاتینی بەشێوەیەکی گشتی لەوولاتانی ئاسیا و ئەفریقیا پێشکەوتووترن و ململانێی پارتە سیاسیەکان لەسەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەزۆر لایەنەوە لەکرداری ململانێیی پارتەکانی ئەوروپا دەچوو. بوارەکانی شارستانیەت و ئایین و ئادلۆژیای سیاسی شێوزازی کارکردنی ئەم پارتانەی پێوەدیاربوو، بەمانایەکی تر ململانێیەکە لەچەند بوارێکەوە خۆی دەنواند لەنێوان ئەم پارتانەی لایەنگیری کەنیسەبوون و پارتەکانی پارێزگار ئەوانەی چینی باڵا لەدێهاتەکان دەستیان

بەسەرداگرتبوو و هەروەها پارتەکانی لیبرالی ئەوانەی لەلایەن بۆرژوازییەکان بەرێوەدەچوون و بەرنگاری کەنیسە دەبوونەوە.

بزوتنەوەیسۆسیالیستی و چەپڕەوەکان پێش جەنگی جیهانی یەکەم لەنێو چینی کرێکار سەریان هەڵدا، هەرچەندە ئەم بزوتنەوەانە لەزۆر رووەوە لاوازبوون ، زۆربەی بزوتنەوەکان تێدەکۆشان لەپێناو رزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ئیسپانی و وڵاتە ئەوروپییەکانی ترو داوای چاکسازی ئابووریان بۆ گەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوەی وڵات دەکرد، لەم بزوتنەوانە بزوتنەوەی بیرۆن لەئەرژەنتین و فارگاس لەبەرازیا و نەتەوەیی شۆرشگێر لەپۆلیڤیا.

ئەم بزوتنەوانە لەگەڵ بزوتنەوەکانی ئەوروپی جیاوازییان هەیە، چونکە بناغەی سەرەکیان بۆ چینی کرێکارو دانیشتووی دێهاتە هەژاریەکان دەگەرێتەوە ، لەماوە جەنگی جیهانی دووەم روویان لەئادلۆژیای چەپڕەو کردو هاریکاریان لەگەڵ پارتەکانی کۆمەنیستی راگەیاند. دەرئەنجام بەدیار دەکەوێت کە سەرهەڵدنی پارتە سیاسیەکان لەجیهانی سێیەم لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا جیاوازیان هەیە نەك هەر ئەمە ، بەڵکو لەنێو ئەم جیهانەش جیاوازی بەدی دەکەین.

کورتە باسێك دەربارەی حزبی سیاسی و حزبە پارێزگارەکان لەبەریتانیا

پێش هەموو شتێ باهەندێك پێناسەی حزبی سیاسی بخەینە ڕوو بێگومان جیاوازییەکی گەورە بەگوێرەی دیدو بۆچوونی زاناکان وپسپۆرانی زانستە سیاسیەکان بەدی دەکەین(بنجامان کونستان) ڕای وایە حزب (کۆبونەوەی چەند کەسانێکە کە ئامانجی سیاسی یەکیان دەگرێتەوە) بەلاّم (هانس کلسن)بەم شێوەیە حزبی سیاسی پێناسە دەکات (حزب کۆمەلّە ڕێکخراوێکە ئەو کەسانەی تیایدا کاردەکەن چەند ڕایەکی جیاوازیان هەیە، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی تەواو بکەنە سەر بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی).

لێرەدا ڕەخنەیەکی توند ئارستەی هەردوو پێناسەکەی سەرەوە دەکرێت چونکە خالێکی گرنگی حزبە سیاسییەکانی فەرامۆش کردووە، ئەویشیان هەولّدانی زۆربەی حزبەکانە لەپێناو گەیشتن بۆ دەست بەسەراگرتنی دەسەلاّتی سیاسی ئیدی لێکۆلینەوەیەکی زۆر لەسەدەی ئێستامان هاتوونەتەدی بۆ پێناسەکردن وژیانی ناوەخۆو سروشت و پێکهاتەی حزبە سیاسییەکان و پەیوەندیان بەئامانجە گشتییەکان و پێشکەوتنی باری کۆمەلاّیەتی و دوا ڕۆژیان لەمەڕ ئەو گۆرانکارییانەی دووچاری ژیانی مرۆڤایەتی دەبنەوە... حزب (ڕێکخراوێکی سیاسییەوململانێیەکی پتەو دەخولقێنێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسەلاّتی سیاسی) کارکردن و ئامانجەکانی حزبیسیاسی لەولاّتێکەوە بۆ

ولاَتیَكی تر یاخوود بناغەی ژیان لەولاَتە پیَشكەوتووكان و ولاَتانی جیهانی سیَیەم جیاوازییەكی زۆری تیَدا بەدی دەكریَت یاخوود حزبی سیاسی (دیاردەیەكی كۆمەلاَیەتیەو پەیوەندییەكی تەواوی بەبارودۆخی گشتیەوە هەیە، لەسەرەتاوە بەشیَوەیەكی سادە هاتۆتەدی پاشان بەهۆی چەند گۆرانكارییەك و پیَشكەوتنی كۆمەلاَیەتیەوە كارەكانی فراوانتربووەو تادیَت ژیانی ناوەخۆ و پیَكهاتەی بەو ئالَۆزی دەڕوات هەندیَك حزبی سیاسی زۆربەی تویَژو چینە جیاجیاكان لەئامیَز دەگریَت و گومانیشی تیَدا نییە سەرهەلَدانی هەر حزبیَك پەیوەستە بەبارودۆخی گشتی ژیانی كۆمەلَگا و كاردانەوەی واقیعی كۆمەلاَیەتی ....یان حزب ریَكخراویَكی سیاسییە بەشیَوەیەكی گشتی لەگەلَ پەیدابون و پیَشكەوتنی دیموكراتی سیاسی لەئەوروپای رۆژئاوا و ولاَتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا سەری هەلَداوە لەئەنجامی دابەش بوونی كۆمەلَگا بۆ چەندەها هیَزی جیاواز، بەمەش وەك كاریَكی گونجاو پیَویست بوو راو بۆچوونە جیاجیاكان كۆبكریَتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گیروگرفتانەی لەئاكامی ژیانی سیاسی ڕوویان دەدا، لەدواییشدا پیَویستی بەئەنجامدانی كرداری هاوبەش بووە.. لەكاتی خویَندنەوەو تیَگەیشتنی بەرنامەی حزبە سیاسیەكان پیَویستە بەقوولَی و شیَوەیەكی فراوان ژیانی ناوەخۆی باس بكریَت نابیَت بەتەنها باسی ئەندامەكان و ژمارەی گۆنگرەكانی بكریَت، بەلَكو بەریَبازیَكی فرە لایەن هەموو چالاكییەكان و هەلَویَستەكانی بكەوتنە خانەی هەلَسەنگاندن و شی

بکرێنەوە بەمەبەستی هێنانەدی مێژوویەکی راستی ڕووداوەکان ناوەوەی حزب.... ئەنتۆنیۆگرامیشی لەم بارەیەوە گۆتی... (زۆر پێویستە گرنگی بەو لایەنە کۆمەڵاییەتیە بدرێت کە گوزارشت لەحزب دەکات یاخود ئەو بەشەی زۆر پێشکەوتووە لەنێو حزب بەواتایەکی تر مێژووی حزبەکە بەمانای مێژووی ئەو لایەنە دوورە پەرێزنییە، بەڵکو خاوەن هاورێ و هاوپەیمان و بەرهەڵستکار و دوژمنە لەبەر ئەوە مێژووی حزبێکی دیارییکراو لەکاتی دەستنیشانکردنی دیاردە ئاڵۆزەکانی ژیانی کۆمکەلایەتی و ژیانی دەوڵەت بەدیار دەکەوێت لەوانەشە نووسینی مێژووی هەر حزبێك ببێتە مێژووی گشتی دەوڵەت لەپێناو بەدیار خستنی لایەنێك لەلایەنەکانی بەم هۆیەشەوە حزب گرنگی وشویچنی گەورەیی و بچووکی دەستنیشان دەکرێت بەگوێرەی ئەو ڕۆڵەی لەچالاکی ئەنجامی داوە لەمەڕ بریاردانی مێژووی ئەو دەوڵەتە) . لێرەشدا کورتە باسێکی مێژوویی حزبە سیاسییە پارێزگارەکانی بەریتانیا پێشکەش دەکەین ...مێژووی حزبە پارێزگارەکانی ئەورپا بۆ سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە... لەبەریتانیا و لەسەدەی حەڤدەهەم ڕکابەرایەتی کەوتبووە نێوان حزبی (توریز) و(ویکز) جیاوازی و بەرهەڵستکاری ئێستای نێوان حزبی پارێزگاران وئازادیخوازان بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو تابەدیارکەوتنی سەدەی بیستەم وپەیدابوونی حزبی کرێکاران بەمەش

دەسەڵاتی ئەم حزبە پەرەی سەندو کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر ژیانی سیاسی بەریتانیا ....

دەسەڵاتی ئازادیخوازان بەهۆی بەدیارکەوتنیکرێکاران کەم بۆوە. بەریتانیاش لەکاتەوە بەململانێی نێوان دوو حزب ناوداری دەرکرد...حزبە پارێزگارەکان لەلایەن چینەکانی دەوڵەمەند بەرێوەدەچوون زۆربەی کارە گرنگەکانیان بەدەستەوە بوو... ناکۆکی نێوان ئەم دوو حزبە گەلێ هۆکاری لەخۆوە گرتبوو لەمانە ئایینی و ئابوری و هەندێك جاریش دابوونەریتی بنەماڵەکان، چونکە هەر بنەماڵەیەك هەڵوێستی دیاری کراوی هەبوو بەرانبەر گیروگرفتە گشتیەکان بەڵام لایەنی ئاین بەگرنگترین ناکۆکی نێوان حزبەکانی بەریتانیا دەژمێردرێت لەراستیدا ململانێی نێوان(توریز) و(ویکز)ململانێیەکی ئایینیە (توریز) داکۆکی لەکڵێسەی ئەنگلیەکانی و دەسەڵاتی پاشا دەکرد، بەرانبەر بەمەش (ویکز) بەرگری لەئازادی وسەربەستی ئایینی و مافەکانی پەرلەمان دەکرد...

لێرەدا ناکۆکیە سەرەتایەك و نیشانەیەك بوو بۆ لەدایك بوونی دووحزبی جیاواز ، یەکێکیان بەرهەڵستی ئەوی تریانی دەکرد(توریز) بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی پاشا دەکرد کەچی حزبی(ویکز) یش داکۆکی لەبەرژەوەندیەکانی گشتی دەکرد...

بەمەش بووە حزبی گەل وێرای ئەمانەش ململانێی نێوانیان بەهۆی لایەنی ئابوری کاریگەرییەکی ڕووکەش بوو... لەبەر ئەوەی حزبی

(توریز) نوێنەری چینی ئورستوکراتیەت بوو حزبی(ویکز) یش نوێنەری چینی بۆرژوازی بەریتانیا بوو...

حزبە پارێزگارەکان لەگەڵ دەرکەوتنی پەرلەمان سەریان هەڵدا هەردوو حزبەکەش دووچاری چەند گۆرانکارییەك هاتن (توریز) ئێستاپێی دەوترێت (حزبی پارێزگاران) (ویکز) پێی دەوترێت (حزبی ئازادیخوازان) .. سەرەرای ئەمانەش ئەم حزبانە لەهەندێك سیفەت ونیشانەدا هاوبەشن بەهۆی ئەوەی بایەخ و گرنگیەکی زۆر بەدەستەیەکی دیاری کۆمەڵ دەدەن ئەوانەی شوێنێکی بەرزیان لەنێو کۆمەڵدا هەیە و خاوەنی سامانێکی زۆرن و سەر بەچینێکی کۆمەڵایەتی بڵندن دەتوانین بەم حزبانە بڵێین (حزبی چەند کەسانێك) بەهۆیەوە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ جەماوەر نییە و جگە لەمەش خاوەنی هیچ ئایدیۆلۆژیەکی دیار نینە و رێگای پەیوەندی کردنی نێوان رێکخستنەکانیان بەهۆی لێژنەکانەوە دێتە دی هەروەها بودجەی ئەم حزبانە لەرێگای چەند ئەندامێکی بالآی دەولەمەند کۆدەکرێتەوە . چالاکییەکانی ئەم حزبانە بەشێوەیەکی بەردەوام نیە، بەڵکو وەرزییە و پەیوەستە بەگیروگرفتەکانی سیاسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ، ئەندامەکانی بەهۆی بەرژەوەندییەوە یەك دەگرنەوە نەك ئادلۆژیەت ، چونکە ئەم حزبان ئایدیۆلۆژیەتیان تیانییە و کاریگەری بنەماڵەکانیشیان بەسەرەوە دیارە، هەر بنەماڵەیەك هەستی بەوەکرد کە پارێزگارە ئەوا دەچێتە نێو ئەم حزبانە دیاردەی کۆن ولاسایی کردنەوە

کارێکی تووند لەنێو پێکهاتەی ئەم حزبانە پێکدەهێنێت .سیستەمی حزبە بەریتانییەکان رۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت لەژیانی سیاس یئەم ولآتە ، ناکرێت لەرژێمی سیاسی بەریتانیا بکۆڵێتەوە بێ لێکۆڵینەوەی سیستەمی حزبەکانی لەبەر ئەمەش لەنێو زاناکان و پشپۆرانی سیاسی بەرژێمی دوو حزبەکە ناسراوە... هەردوو حزبی پارێزگاران و ئازادیخوازان لەبەریتانیا دوو جەمسەری ململانێی سیاسی نیشان دەدەن ن بەڵام ئێستا حزبی کرێکاران شوێنی ئازادیخوازانی گرتۆتەوەو بۆتە لایەنی دووەم لەگەڵ حزبی پارێزگاران لەژیانی سیاسیدا...

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە حزبی کرێکاران لەسەر بناغەی چەند گروپێك و کۆمەڵەی پەرلەمانی بەدیارنەکەتووە ، بەڵکو پەیدابوونی لەئەنجامی بزوتنەوەیەکی میللی کرێکاران بووە دوای شۆڕشی پیشەسازی حزبی کرێکاران لەبەریتانیا لەساڵی (١٩٠٠) لەرێگای پێکهاتنێکی ناراستەوخۆ سەری هەڵداوە.

ڕۆڵی کۆمەڵە نهێنیەکان و حزبیەکان وسەندیکاکان لەپێك هێنانی پارتە سیاسیەکان

بێگومان کۆمەڵە نهێنیەکان و حزبیەکان رۆڵێکی بەرچاویان گێراوە لەپێکهێنان و بەدیار کەوتنی پارتە سیاسیەکان ، کۆمەڵەی (فابی) وەك کۆمەڵەیەکی حزبی رۆڵێکی گەورەی بینیوە لەپێکهێنانی پارتی کرێکارانی بەریتانی ، کۆمەڵەی فابی لەساڵی ١٨٨٤ لەئینگلتەرا دامەزراوە ناوەکەشی بۆ سەرکردەیەکی رۆمان (فابیوس) ی سەدەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە بەپلانی چاوەڕوانی و دورکەوتنەوە ئەگەر بکرێت لەرووبەرووبونەوە لەگەڵ دوژمنان نێو بانگی دەرکردووە، لەسەرکردەکانی ئەم کۆمەڵەیە برناردتۆو سدنی ریب و گەلێکی تر... هەروەها سەندیکانی پیشەیش جێی پەنجەیان لەپێکهێنانی پارتی کرێکارانی بەریتانیا هەبووە، بەڵام سەدیکاکانی جوتیاران و هەرەوەزییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەبەدیار کەوتنی پارتە سیاسییەکان و دروست بوونی پارتەکانی جوتیاران لەدەوڵەتەکانی ئەسکەندەنافیاو ئەوروپای ناوەڕاست و کەنداو ئوستورالیا. جگە لەوەش ئایین کارگەری خۆی لەم بوارەدا نواندووە لەکاتی بەدیار کەوتنی بیرو باوەری(کالفینی) لەئەوروپا، پارتێکی سیاسی سەری هەڵدا بۆ بەرەنگار بوونەوەی پارتی پارێزگارنی کاسۆلیکی ، پرۆتستانەکانیش پارتێکی سیاسیان دامەزراندبۆ رووبەروو بوونەوەی کاسۆلیکەکان و هەڵگری بیرو باوەڕی (کالفینی).

وێرای ئەمانەش بیرو باوەڕی ئایینی کارێکی زۆری کردە سەر پەیدابوونی پارتە سیاسیەکان لەکۆتاییی و پاش سەردەمی خەلیفەکانی ئیسلامی هەروەها رۆڵی کۆمەڵی برایانی موسڵمانەکان شوێنێکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە داگیر دەکات کۆمەڵەی جەنگاوەرە کۆنەکان گاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر لەدایك بوونی پارتەکانی فاشی و نازی لەبەریتانیاو ئەڵمانیا، هەر لەم ڕوانگەیەوە لەفەرەنساو لەسالچی ۱۹٦۳پارتێکی سیاسی پەیدابوو بەناوی (پارتی سۆشیالستی فەرەنسی) لەبنەڕەتدا ئەم پارتە کۆمەڵێك بوون لەجەنگاوەرە کۆنەکان.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ دێتە نێو باسەکە کەپەیوەستە بەکۆمەڵەکانی نهێنی کۆمەڵەکانی نهێنی بەگرنگترین کاریگەر دەژمێردرێن بۆ پێکهێنانی پارتەسیاسیەکان چونکە زۆرجاران رێکخراو و کۆمەڵە نهێنیەکان بەگوێرەی یاسا رێگایان پێنادرێت بەئاشکرا کاربکەن لەبەر ئەوە پەنا دەبەنە بەر کاری نهێنی بۆ جێ بەجێچ کردنی ئامانجەکانیان وەك رووخاندنی دەسەلاتی رژێمێکی سیاسی یاخوود هەڵگیرساندنی بلێسەی شۆرشیچك دژی دەسەلاتی بێگانە ، بۆ نموونە پارتی بەرەی رزگاریخوازی جەزائیری نموونەیەکی بەرچاوی کۆمەڵەیەکی نهێنیەکە ئاگری شۆڕشکی هەڵگیرساند تابەدی هێنانی سەربەخۆیی ولات بەهۆی کردارەکانی ئەم کۆمەڵەیە و کارە شۆرشگێرییەکانی... پاشان وەك پارتێکی سیاسی هاتە نێو گۆرەپانی سیاسی. ئەو هۆیانە چین کە دەبنە

دواکەوتنی پەیدابوونی سیستەمی حزبایەتی ؟ پرۆفیسۆر (ماکیفەر) لەوەڵامدا دەڵێت:-

ئەو هۆیانە دەگەڕێنەوە بۆ مۆرکی تایبەتی چینایەتی ئەو وڵاتانەی دیموکراتیان تێدا سەر هەڵداوە ئەوەشیان زۆر بەزەقی بەر لەپێکەوتنی دیموکراتی بەدیار دەکەوت پێش قۆناغی دیموکراتیەت بەرژەوەندییە چینایەتییەکان بەسەر هەموو بوارەکانی کارکردن زاڵن ، لێرەدا هێزی بەرهەڵستکاران روو لەزیادبوون دەکەن بۆ لاوازکردنی چینی فەرمانڕەوا بەمەش بوونی رێکخراوی حزبی زۆر زەحمەت دەبێت چونکە چینایەتی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە ، لەبەر ئەوە کاری رێکخراو گەشە ناکات تا بەتەواوی جیاوازی لەنێوان چینەکان و پارتەکان ئاشکرا نەبێت .

کورتەباسێك دەربارەی رای گشتی

رای گشتی دیاردەیەکی سیاسی کۆنەو لایەنێکی جموجۆڵی کاریگەری کۆمەڵگا بەسەر بارودۆخی ژیانی سیاسی رژێمەکان بەدیار دەخا ، لێرەدا لاپەرەکانی مێژوو هەڵ دەدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەم کردارە چۆن سەری هەڵداوە و گەیشتۆتە ئەم بارەی ئێستا. رای گشتی لای کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و هۆزەکان بوونی هەر نەبووە لەبەر ئەوەی ئەمانە پابەندی داب و نەریتەکانی خۆیان بووینە، بەڵام لەهەمان کاتدا شارستانیە کۆنەکان شیچوازی تریان هەبووە کە لەزۆر لایەنەوە نزیك بووە لەرای گشتی ... لەمانە میسریەکان و ئاشووریەکان ، ئەمەش لەکاتی جێ بەجێکردنی ئەرکەکانی پەرستگاکان بەدیار دەکەوێ، یاخود ئەوەی لەسەر تابلۆ بەردییەکان نوسراوەتەوە ، هەروەها هەندێ لەئایین و فەلسەفە کۆنەکان ئاماژەیان بۆ ئەم دیاردەیە کردووە و زاراوەی جۆراوجۆریان بەکار هێناوە لەوانە(دەنگی گەل) و(رۆحی گەل) هەر بۆنموونە: فەلسەفەی (کۆنفۆشیۆس) زۆر گرنگی بەم بوارە داوەو(کۆنفۆشیۆس) دەڵێ :- (ئاسمان لەرێگای گەلەوە سەیری خوارەوە دەکاو ئاسمان گوێی لێ یەو لەرێگای گوێیەکانی گەلەوە گوێ بیست دەبێ) . رای گشتی لای یۆنانییەکان رۆلێکی بەرچاوی دەگێرا بەتایبەتی لەنووسینی فەیلەسووفەکانیان وەك ئەرستۆ و ئەفلاتون و ئەوانی تر، خۆیان دەنواندو زاراوەی (هەڵویستی خەڵك) و(رای گەل (توانای نەتەوە) . لەوکاتەدا هاتنە کایەوە ئەمەشیان کاریگەری

راستەوخۆی لەکاتی کۆبونەوەکان و گفتوگۆکانی سەبارە بەبارودۆخی سیاسی ئەوسای وڵات نیشان دەدا لەمەڕ ڕاگەیاندنی شەڕو هەندێ بڕیاری کۆمەلاٌیەتی، هەر ئەمانەش زەمینەیان خۆش کرد بۆ کارتێکردنی ڕۆڵی تاکەکەسی لەکۆمەڵگاو دیدو بۆچوونی بەرانبەر کردەوەکانی دەوڵەت، بەلاٌم ڕۆمانەکان بایەخێکی ئەوتۆیان بەخەڵك نەدەدا کەچی دوای هەر هێرشێك و داگیرکردنی ولاٌتێك جۆرە نزیك بوونەوەیەك دەربارەی ژیانی ئابوری و باری سیاسی و خوو ڕەوشتی کۆمەلاٌیەتیان دروست دەبوو و هەواڵی تازە لەنێو خەڵکان بلاٌودەبۆوە، بێ گومان ئەمەشیان کاری دەکردە سەر بیری رای گشتی دوای ئەمانە لەسەدەکانی ناوەڕاست جیهانی ئیسلامی و مەسیحیەکان گرنگیان بەرای گشتی دەدا بۆ نموونە : خەلیفەکانی ئیسلامی بایەخیان بەڕاو بۆچوونە جیاوازەکانی خەڵك دەدا ، جیهانی مەسیحیەکانیش جۆرە چەمکێکی لەنێودا باو بوو ، کەپێ یان دەگۆت(ڕێکەوتنی گشتی) کەکاریگەری خۆی بەسەر باری ژیانی ئەوسای کۆمەلاٌیەتیەوە دیاربوو. پاشان نووسەرە ناودارەکانی وەك میکاڤیلی و شەکسپیر جەختیان لەسەر رۆڵی رای خەڵك دەکرد(میکاڤیلی) کاریگەری رای گشتی زۆر بەزەقی لەنووسینەکانیدا شەکسپیریش لەشانۆکانیدا بەدیار کەوتووە.ئیدی لەسەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم هێزی رای جەماوەر زۆر بەئاشکرا لەنووسینەکانی (باسکال) و (ڤۆلتێر) و(هۆبس) و(لۆکە) خۆی نیشان دەدا، لەم ماوەیەدا هەندێ گۆرانکاری بوونەرێ خۆشکەری

پێشکەوتنی رای گشتی و کارکردنی بەسەر رژێمە سیاسیەکان، لەوانە بەدیار کەوتنی چاپ شۆرشێکی گەورەی نایەوە بۆ بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی جیاجیاو فراوانبونی بواری خوێندەواری . هەروەها بزوتنەوەی چاکسازی پرۆتستانتی هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر دام و دەزگای کەنیسەی کاسۆلیکیەکان لەمەڕ بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئایینی بەشێوازێکی تازە، جگە لەمانەش سەردەمی راپەرین یان رێنسانس دەروازەیەکی چاکی بەرامبەر مرۆڤ کردەوە لەبوارەکانی ئابوری و سیاسی و ژیانی کۆمەلایەتی پێش کەوتنەکانی ئابوری هەلێکی رەخساند بۆ بەدیار کەوتنیچینی بازرگانەکان هاندەرێکیش بوو بۆ بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی تازە ئەویش لەرێگای گەشەپێدان و دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارو چەند کتێبێکی بەناوبانگ.

نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (جان جاك روسۆ) رۆلێکی بەرچاوی لەپێش کەوتنی بەکارهێنانی رای گشتی گێرا، نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ زاراوەی (رای گشتی) بۆ یەکەم جار لەسەرتای سەدەی دوانزەهەم لەلایەن سیاسەتمەدارو نووسەری ئینگلیزی (جۆن سالز بوری) بەکارهاتووە.گومانیشی تێدانیە شۆڕشی فەرەنسی سالێ (١٧٨٩) بیروباوەرێکی نوێ ی بۆ ئەم جیهانە هێنا و جەختیشی لەسەر ئەوە کرد گەل دەبێ بریاری خۆی بدا ، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گفتوگۆیەکی زۆر ئەنجام بدرێ دەربارەی رای گشتی لەئەلمانیاو بەریتانیا لەسەدەی نۆزدەهەم و کاتی بەرپابوونی شۆڕشی پیشەازی

ئینگلیزەکان بایەخێکی بێ سنوریان بەرای گشتی داو لایان وابوو بناغەیەکی پتەو دژی کرداریستەم وزۆرداری پێك دەهێنێ.

ئەمەو گۆرانکاریەکی زۆرو پیچش کەوتنێکی مەزن لەبوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی مرۆڤ سەری هەڵدا ئێستاش سەدەی بیستەم چی نەماوە کۆتایی بێت (رای گشتی) وەکو هێزێکی سیاسی گرنگ رۆڵی خۆی دەگێرێت و بنەمایەکی گەورە لەحوکمرانیەت پێك دەهێنێ بەتایبەتی لەرژێمە دیموکراتیەکان دا.

گرێی ئۆدیب لەبورای سیاسەت

شیکردنەوەی بواری سیاسەت لەرێگای سایکلۆژیەوە لەجیهانی ئێستامان رووی لەفراوانی کردووەو بایەخێکی گەورەی پێ دەدرێت پەیوەندی بەزانستێکەوە هەیە کەپێی دەووترێت زانستی دەروونناسی سیاسی. گومانی تیا نییە سیستەمی شیکردنەوەی دەروونی بۆ دیاریکردنی دیاردەی سیاسی پێویستە بۆ ئەوەی بەقووڵی رەگ و ڕیشەی پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ بەدیار بخات ئەم رەگ وریشەیە بۆ رۆژانی یەکەمی ژیانی منالّی دەگەرێتەوە یەکەم پەیوەندی منداڵ بەکۆمەڵگە بەهۆی باوك و دایکەوە دێتەدی، لەبەر ئەمە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان منالّ و باوك و دایکی لەرێگای هەست نەکردنەوە کاردەکاتە سەر هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بەدەسەلاّت.

فریدۆ لایەنگری باوك و (گرێی ئۆدیب) یان بۆ هەموو بوارەکانی ژیان دیاری کردووە، بەم شێوەیە شۆڕش و جەنگی ناوەخۆ و دژایەتی حزبایەتی و جیاوازی کەسایەتی تادەگتە سۆسیالیست و کۆمۆنیستی ئەمانە والێکدراونەتەوە کە هەموویان شۆڕشن دژی باوك. بەو مانایەی کە دەسەلاّت سیفەتێکی باوکایەتییەو بناغەکەی بۆ هەست نەکردنی مرۆڤ دەگەرێتەوە دیمەنی دایك و باوك دەوێنێت جگە لەمەش هەموو بنەماکانی سیاسی و بیرو باوەڕەکانی پەیوەست بەدەسەلاّت تا ئێستا ئاسەواری وایان پێوە دیارەکە سەر بەباوکن، بەم هۆیەوە منداڵ کەوتۆتە ژێر کاریگەری

نێوەندی خێزانیەکەی کەتیایدا دەژیت وباوك و دایکیشی دوو رۆڵی جیاواز لەپیچکهاتەی دەگێرن، باوك و دایك یەکەم کەسن کە بناغە بۆ ژیانی منداڵەکەیان دادەنێن جگە لەسەپاندنی ئەرکەکان فەرمانی قەدەغەکردنی هەندێ کار دەردەکەن ئینجا هەڵوێستی بەرانبەر دەسەڵات دیاری دەکە.

ئالێرەدا ململانێیەك سەرهەڵدەدا کە رەگ و ریشەی بۆ سەرەتای ژیان دەگەڕێتەوە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگرێی(باوك) دەستنیشانکراوە، هۆزەکان ئەوانەی لەسەرەتای مێژوو سەریان هەڵداوە لەیەك پیاو پێکهاتبوون ژمارەیك لەئافرەتان خزمەتیان دەکردن ئینجا ئەو هۆزانەی دوای ئەمانە بەدیار کەوتن لەکۆمەڵە پیاوێك پێکهاتبون کەچی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ ئافرەت هەبووە، بەڵام ئەوەی لەهەموویان بەتەمنتر ببوە چالاکییەکانی بەڕێوە دەبرد کەچی ئەوانی دی رێگەیان لێ گیرابوو یاخوود قەدەغەبوو پەیوەندی بەئافرەتی هۆزەکەوە بکەن بەهۆی خپ بوون یان چەپاندنی سێکسی ئارەزوو رووی لەململانێکردن کرد ململانێیەك بەشێوەیەکی گشتی دەیویست دەست بەسەر جیهانی دەرەوە دابگریچت، بەڵام هەندێ جار ئەم ململانێیە لەنێو هۆزەکە تەشەنەی دەکردو ئارستەی بەرپرسی راستەوخۆ دەکرا لەئەنجامدا چەند کۆسپ و تەگەرەیەکی دەخستە سەر کۆمەڵەکە کەچی بەخۆی جێ بەجێی نەکردو لێیان دەرباز دەبوو...

ئیدی مێژووی مرۆڤایەتی لەمانە جەنگ و شەڕو کوشتارو ململانێی بچووك و گەورە درێژخایەنی ئەم دیمەنە سەرەتاییە کەرق و کینەی پێوە دیاربووە بەرانبەر باوك یاخوود سەرۆك بۆ نموونە فیرعەونی میسر شۆڕش

دژی پیاوانی ئایینی لەسەردەمی ئاشووریەکان چونکە نوێنەری دەسەڵات بوون، هەروەها دژی فەرمانڕەواکانی ڕۆمان وپادشاکانی ئەوروپا ، ئەوانەی دەسەڵاتیان بەرێوە دەبرد بەناوی(مافی خودایی) .

لەسەردەمی تازەش ئەم رق و کینەیە دژی باوك لەم دیمەنە خۆی دەنوێنێت کە بەدەیان بزوتنەوەو راپەرین دژی دەسەڵاتدران بەرپا دەبن لەبەر ئەوەی ئەمانە نوێنەرایەتی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان دەکەن کە ئەوانی دی لێیان بیێ بەشن و هەمیشە لەنێو کاری چەپاندن دەژین.

لەراستیدا راو بۆچوونی فرۆیدۆ لایەنگرانی دەبنە بەربەست لەبەردەم هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتی گرێی بوك لەنێو ئەم کۆمەڵگایانە سەرهەڵدەدا کەبنەماو بناغەی کۆمەڵایەتی و رەوشتیان زۆر توندو وشکە بەرانبەر بەمەش ئەم سیفەتانە لەو کۆمەڵگایانە کە رێگا بەئازادی سێکسی دەدەن بەهیچ شێوەیەك بەدیارناکەن.

سەرەڕای ئەمەش زۆربەی بیچ بەش بوون و کپ بوون بۆ سەرچاوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوە تیایدا هەندێك کەس سوود لەبەرژەوەندیەکان وەردەگرن و هەندێکی تریش لێی بێبەش دەبن. ئیدی رق و کینە دژی باوك بەتەنیا بۆ ئەوە نییە کە دایکەکەی کردۆتە موڵکی خۆی ، بەڵکو پەیوەستە بەلایەنی سێکسی و کۆمەڵایەتی و چەند کاریگەرییەکی تر ئەمەشیان شۆرشێکە سەرچاوەکەی هەست کردنە بەوەی کە مافەکانی خوراونیاخوود خپ بوونی خودە وەك نارەزاییەك. هەندێك زانا بەشۆڕشی مرۆڤی لەقەڵەم دەدەن لەپێناو گەرانەوەی مافەکان.

کاریگەری پێشکەوتنی ئابوری
بۆ سەر ژیانی سیاسی

لەسەردەمی (ئەرستۆ) وە تاکوو ئێستا تیۆرە جیاجیاکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیوەندیەکی بەتیین لەنێوان ئاستی پێشکەوتنی ئابوری نێو کۆمەڵگەو پابەندبوونی بەدیموکراتیەوە هەیە، وڵاتە دەوڵەمەندەکان پەیڕەوی سیستەمی دیموکراتی دەکەن بەرانبەر بەمەش سیستەمی دیکتاتۆری زۆربەی کات وڵاتە هەژارەکانی گرتۆتەوە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەپیچشکەوتنی پیشەسازی و بەکارهێنانی ئامرازی تەکنەلۆژیای تازە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان دەبنە هۆی زیاد بوونی سامانی نەتەوەیی بێگومان ئەمەش کاردەکاتە سەر داهاتی تاکە کەسی و جۆرە دەرفەتێك بۆ دیموکراتی دروست دەبێت هەر وەکوو لەم خاڵانەی خوارەوە خۆیان دەنوێنن:-

١-بەشداربوونی جەماوەر لەکرداری دروست کردنی بریار بەشێوازێکی دیموکراتی پێویست بەوە دەکات کە جەماوەر خاوەن ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و شارەزای رامیاری هەبێت، ناتوانرێت ئەم ئامانجە بێتەدی تاوەکو هەوڵ نەدرێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەم خەڵکە ئەویش لەرێگەی پەروەردەو فێرکردن ئەمانەش پێویستیان بەپێشکەوتتنی لایەنی ئابوری هەیە لەپێناو هێنانەدی دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن و کردنەوەی زانکۆو بنکەکانی رۆشنبیری و شوێنەکانی بلاوکردنەوە و چاپەمەنییەکان...هتد.

رژێمی دیموکراتی بەتایبەتی سیستەمی پەرلەمانی پشت بەژمارەیەکی گەورەی سیاسییەکان دەبەستێ ، ئەوانەی توانا و شارەزایی و رۆشنبیری رامیاریان هەیە، بێگومان ئەمانەش لەولاتێکدا دێنە بەرچاو کەخاوەن ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری بێت کەچی ولاتە هەژارەکان نەك بەتەنها کادیری ائیهاتوو رۆشنبیری کەمیان تیایە، بەلْچکو دەزگاکانی فێرکردن و رۆشنبیری رۆلێکی ئەوتۆ ناگێرن، ئەگەر بێتوو بیانەوێت ئەمانە پەیرەو بکەن، لەسەریەتی پارە و رێگاکانی جێبەجێکردنی بگرێتە بەر ئەمەشیان لەتوانای ئەواندا نی یە. بوونی ئەم دەزگایانە کەهەماهەنگی لەنێوان گەل و دەولەت دروست دەکەن و رۆلێکی گرنگ لەژیانی رامیاری دەبینیێ بەیەکێك لەنیشانە سەرەکییەکان دەژمێردرێ کە ولاتە پێشکەوتووەکان لەولاتە هەژارەکان جیادەکاتەوە، ئەم دەزگایانەش بەرۆژێك و دوو رۆژ سەر هەلْنادەن، بەلْکو بەرهەمی پێشکەوتنی گشتی کۆمەلْگە و کارێکی مێژوویی درێژخایەنی ژیانی رامیارییە.

٢-بریارەکانی سیاسی کەپەیوەندیان بەبەرێوەبردنی کاروباری گشتی هەیە لەسەر بناغەی رێکەوتنی نێوان کۆمەلْگاو هێزەکانی رامیاری لەدایك دەبن، کەچی کۆمەلْگایەکی دابەشکراو بۆ خەلْکانێکی زۆری هەژارو کەمایەتییەکی خۆش گوزەران کارێکی سەختە. بەشێوەیەکی گشتی کۆمەلْە خەلْکێکی کەم دەسەلات دەگرنە ئەستۆ، بەمەش فەرمانرەوایەتی دیکتاتۆری دێتەدی بێگومان دابەشکردنی سامان

کارێکی گەورە دەکاتە سەر ژیانی چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی، بەمەش چالاکی رامیاری بەگوێرەی دەسەڵاتی هەر کۆمەڵگایەك یاخود چینێك لەنێو کۆمەڵگە بەدیار دەکەوێت.

٣-زۆربوونی بەرهەم هیوا دەبەخشێتە خەڵکانێك سودو قازانج لەخۆش گوزەرانی گشتی نێو وڵات وەربگرن. لێرەدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەرو شێوازێك دەڕوات کەچین و توێژەکانی هەژاری نێو کۆمەڵگە هەست بەوە دەکەن کەتوانایان هەیە شوێنی گونجاو لەپلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن. ئیدی قەبارەو چەندایەتی سامانی سروشتی دەبێتە هۆیەکی گرنگ و کاریگەر بۆ رێکخستن و لێك نزیك بوونەوەی بەشەکانی کۆمەڵگە لەرژێمەکانی لیبرالی.

(جۆرج بۆردۆ) ی مامۆستای زانکۆ رای وایە(تەشەنەکردنی دیاردەی دەوڵەمەندی وا لەمرۆڤ دەکات کەپێویستی بەدەسەڵات نەمێنێ) ئەو کاتی داهاتی نەتەوەیی زیاد دەکات رێژەی کرینی کەل و پەل و وئامرازەکانی ژیان لەلایەن خەڵك فراوانتر دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەوڵاتە دەوڵەمەندەکان ژمارەی ئەو کەسانە زیاد دەکات ئەوانەی روو لە کرینی خانووی تازەو ئۆتۆمۆبیل...هتد دەکەن.

لەهەمان کاتیش ژمارەی ئەو کەسان زیاد دەکات کە لەزانکۆ دەخوێنن، بەڵام لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکان جیاوازی چینایەتی مانای جیاوازی نێوان هەر چینێك دەگەیەنێ ، کەدەسەڵاتی بەسەر زۆر کاردا هەیە. وێرای ئەمەش جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی لەوڵاتە تازە

پێگەیشتووەکان بۆ سەر بنەما سەرەکییەکانی هەر چینێك رەنگدانەوەی خۆی هەیە، چینەکانی دەوڵەمەند بەچاوێکی سووك و پڕ لەرِپ و کینە سەیری چینەکانی هەژار دەکەن، لەبەر ئەوەی شێوازی هەر یەکەیان بۆ ژیان جیاوازی هەیە، و کاردەکاتە سەر لایەنی سایکۆلۆژییان. لەبواری بەشداربوونی چینەکانی هەژار لەمافەکانی رامیاری بەتایبەتیش لەدەسەلاّتی رامیاری چینەکانی دەوڵەمەند پێیان وایە کارێکی نابەجیّ و نەگونجاوە، بەمەش توندوتیژترین رێگا بەکار دەهێنن بۆ سەرکۆنەکردنی هەر بزوتنەوەیەك کە چینەکانی هەژار هەوڵی بۆ بدەن لەمەرِ بەشداربوانیان لەفەرمانرِەوایەتی . جگە لەمانەش داهاتی نەتەوەیی کاردەکاتە سەر پرۆسەی دیموکراتی ئەگەر بێتوو وڵات دەوڵەمەند بێ و دەسەلاّتداران مکورِ نابن بۆ ئەوەی دەسەلاّت بگرنە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی لەکاتی گواستنەوەی دەسەلاّت بۆ چەند کەسانێکی تر کەسانی پێشوو ئاستی بەرزی ژیانیان لە دەست ناچێت ئەگەر لەدەسەلاّتیش نەمێننەوە. بەلاّم لەولاّتە تازە پێگەیشتوەکان گەیشتن بەسەرچاوەی دەسەلاّت مانای وایە لە هەمان کاتیش ئاستی بەرزی ژیانیان دابین کراوە، ئەو کاتەی لەدەسەلاّتیش نامێننەوە هەموو شتێکیان لەدەست دەچێت لەبەر ئەم هۆیە هەموو هەولێك دەدەن بۆ ئەوەی لەدەسەلاّتدا بمێننەوە.

لەکۆتاییدا دیاردەی کۆکردنەوەی سامان لەلایەن دەسەلاّتدران لەولاّتانی جیهانی سێیەم کارێکی روون و ئاشکرایە، زۆربەی هەرە

زۆری پیاوانی دەسەڵاتدار خاوەن سامانێکی گەورەن چ لەناوەخۆ یاخود لەدەرەوەی وڵاتدا بەرانبەر بەمەش زۆربەی چین و تووێژەکانی تری کۆمەڵگە لەنێو هەژاری و برسیەتیدا دەژین.

تائێستاش ئەم دیاردەیە لەزیادبووندایە و چارەسەرییەکی گونجاوی بۆ نەکراوە — ئاخۆ دەبێ رۆژێك دابێ زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگا تا رادەیەك وەك یەك بژین؟ یاخود چینەکانی هەژار بگەنە ئەو ئاستەی کە خەون و ئومێدیان بێتە دی؟

پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی زانستی و گەشەسەندنی رۆشنبیری

بەشێوەیکی گشتی پێشکەوتنی زانستی شوێنەوارێکی زۆر بۆ گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگەی رۆشنبیری دەرەخسێنێ پێشکەوتنی ئامێر واتای پێشکەوتنی لایەنی پەروەردەو فێرکردن دەگەیەنێ جگە لەمەش زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە لەهەمان کاتیش کاری کردە سەر ئەوەی کە ئەم خەڵکانە هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی چاکتر بدەن کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ کۆمەڵگای پێشوو . دەزگاکانی راگەیاندنی تازە وەکو رۆژنامەو ئێزگە و تەلەفزیۆن و پەرتووك نەك بەتەنها بوارەکانی رۆشنبیری فراوانتر کرد ، بەڵکو بوونە هۆی بایەخ پێدان و هێنانەدی لایەنی رەسەنایەتی ، لەکۆمەڵگاکانی پێشکەوتوو هەموو کەسێك توانای هەیە یەرچاوەکانی رۆشنبیری جیاواز لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا بەدەست بهێنێ بەپێچەوانەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم ئەم سەرچاوانە خەڵکانێکی کەم سوودیان لێ وەردەگرن.

پێشکەوتنی زانستی دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ نزیك بوونەوەی پەیوەندی نێوان تاکە کەس و کۆمەڵگاە بەمەش ئەو خەڵکانەی لەناوچە دوورەکان دوورە پەرێزن بەیەکتر دەبەستێتەوە ، لێرەدا لەدنیای رامان و بیرکردنەوەی تەسك دەردەچن ئەمەشیان بێگومان دەبێتە هۆی دروستکردنی رێچکەی رەخنەگرتن و ئەو دونیایەی تیایدا دەژین دەکەوێتە بەر دادگایی کردنی بیرکردنەوە ، ئینجا پێشکەوتنی زانستی چەندین

ئلسۆی فراوانی بۆ مرۆڤ والآکردووه لەبەردەم بابەتەکانی رۆشنبیری و هێنانەدی دنیایەکی باشتر ، بەڵام لەلایەکی تر گیروگرفتی تازە سەری هەڵداوە لەبەر ئامرازەکانی رۆشنبیری بوونەتە پرۆژەی گەورەو لەتوانای تاکە کەسدا نین، بەم هۆیەوە تەلەفزیۆن و ئێزگە و رۆژنامە پرۆژەی ئابوری و رۆشنبیرین ـ لێرەدا مرۆڤ بەهۆی رێگەی رۆشنبیریەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری توندی دەزگە گەورەکان ئەمانەش لەرێگەی دەوڵەت یان حزب یاخود کۆمپانیا هەر دەزگایەکی تر بەریچوە دەچن.

رۆشنبیری لەکۆمەڵگای پیشەسازی لەدوو لایەنەوە گیروگرفتی هێناوەتەدی لەلایەك زاڵ بوونی بەرژەوەندیە گەورەکان بۆ سەر ئامرازەکانی رۆشنبیری خۆی دەنوێنێ لەلایەکی تریش مرۆڤ ئازادیەکی فراوانی بۆ نەرەخساوە بۆ ئەوەی گوزارشت لەبیروراکانی بکات.

هەندێ زانا توێژینەوەی ئەم دیاردەیەن بەپیشەسازی رۆشنبیری ناوزەدە کردووە، هەروەها پێیان وایە دیاردەیەکی گشتیەو پەیوەندیەکی بەتینی بەکۆمەڵگاە پیشەسازیەکانەوە هەیە سەرەرای جیاوازی رژێمە سیاسیەکان ، ئەم رۆشنبیریە لەبناغەوە ئاراستەی جەماوەر دەکرێت کەچی ئامانجی سەرەکیان ئەو مرۆڤەیە کەخاوەن رۆشنبیریەکی کەمە و تەمەنی ئەزموونی ژیانی کورتە بەمەش لایەنی قووڵی و رەسەنایەتی تیا بەدی ناکرێت چونکە بواری پیشەسازی و بیروکراتی بالآ دەستە.

لەراستیدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەرچەندە لەزۆر لایەنەوە راستی پێکاوە بەڵام بیرکردنەوەیەکی رەشبینیەو هەمان هەڵوێستی کۆن بەرانبەر

پێشکەوتنی زانستی نیشان دەدا لەبەر ئەوەی ئامرازی رۆشنبیری تازە وێرای باڵا دەستی دەزگاکان لەمانە دەوڵەت ، حزب ، سەرمایەدار یان هەر دەستەیەکی تر توانیویانە ئازادییەکی فراوان لەبەردەم مرۆڤدا دروستبکەن لەپێناو دیاریکردنی ئارەزووەکان و هەلچبژاردنی ئەو کارانەی کەهەست دەکا لەخۆی نزیکەو لەگەلچ بیرکردنەوەی دەگونجێ. نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە دەزگاکانی کۆمەلایەتی لەمانەش دەزگەی دەوڵەت لەسەر بناغەی چەند شێوازێکی کۆمەلایەتی دروستکراوە، بەم هیەش لەکۆمەڵگای تازە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ ناکات، بەڵکو ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای جۆراو جۆر دەبنە قەوارەی گشتی. لێرەدا مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی دەبێ ملکەچی ئەو لایەنە بێت کە بواری پیشەسازی تیایدا باڵا دەستە ئەم کردارەش لەهەموو رێکخراوەکانی رەسمی تا دەگاتە بچوکترین دەزگە جگە لەدەزگە کۆمەلایەتییەکانی نارەسمی.

سەرەرای ئەمانەش مرۆڤ دوای ماوەی کارکردنی رۆانەی ناتوانێ کارگەری پێشکەوتنی زانستی لەخۆی دوور بخاتەوە وەکو سینەما و شانۆ و ئێزگە و تەلەفزیۆن و رۆژنامە، شۆڕشی پیشەسازی چەندین گیروگرفتی هێناوەتەدی وەکو وزەی ئەتۆمی و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ، هەروەها جیهانی بۆشاییگەری و گیروگرفتی سوود وەرگرتن لەسامانی ژێر دەریا و گەلێ گیرو گرفتی تازەی دیکە کە کارگەری زۆریان کردۆتە سەر ژیانی سیاسی نێو دەوڵەتی .

پەیوەندی نێوان ڕێژەی دانیشتوان و بارودۆخی سیاسی

لەکۆنەوە زۆر لەنووسەران و فەیلەسووفانی وەك ئەرستۆ و مۆنتسکیوو رووسو بایەخیان بەپەیوەندی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ژیانی سیاسی داوە هەر لەو کاتەدا بیرۆکەیەکی کۆنی بەربلاو هەبوو ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە گوایە ئەو وڵاتانەی ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە زۆربەی کات شۆڕشیان تیا هەڵدەگیرسێ هەمیشەش تووشی کاری جەنگ دەبن لەگەڵ وڵاتانی تردا کەچی ئەو وڵاتانەی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە تارادەیەکی زۆر باری سیاسیان سەقامگیرە، ئینجا زانای ئینگلیزی (مالسوس) ئەو راکۆنانەی کۆکردەوەو بەشێوەیەکی تر دایڕشتن لەتیۆرە بەناوبانگەکەی کە لەساڵی ١٧٩٨ نووسیبوی دیدو بۆچوونی لەم بارەیەوە خستە روو دەڵێ: ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات لەسەر شێوەی ئەندازەیی بەرانبەر بەمە بەروبوومی سروشتی زۆر کەمە و سنوری خۆی هەیە و زیادیش دەکات، بەڵام لەسەر شێوەی ژمارەیی ئیدی ئەم بەروبوومە بەشی ئەو خەڵکە زۆرە ناکات، کە هەمیشە لەزیادبوون دایە لەبەر ئەمە هەژاری بڵاودەبێتەوە هانیان دەدات بۆ بەرپابوونی شۆڕش و گۆرینی رژێمی کۆمەڵایەتی....

بەم جۆرە زۆر کەس لەسەر ئەم رایەن کە هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ و شەڕەکانی ناپلیۆن کە بەردەوام بوو لەساڵانی ١٧٩٢ تا ساڵی ١٨١٥ شی کردەوە جگە لەمانە زۆربوونی ژمارەی

دانیشتوانی ئەوروپا لەنێوان ساڵانی ١٨١٤-١٩١٤بووە هۆی بەرپابوونی چەندان شۆڕش و هەڵگیرسانی جەنگ لەم ماوەیەدا لەمانەش شەڕی جیهانی یەکەم ، هەمان سەرچاوە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە زیادبوونی دانیشتوانی ژاپۆن و ئەڵمانیا بووە هاندەرێك بۆ بەرپابوونی شەڕی جیهانی دووەم، هەر بەم تێڕوانینە و پێوەدانگەش شۆڕشەکانی جیهانی سێیەم دەخەنە ئەم قالبەوە .

لەراستیدا ئەم تیۆرە رەخنەو هەڵەیەکی زۆری لێگیرا لەبەر ئەوەی هەندێ ولآت هەنە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرەو لەهەمان کاتیشدا باری سیاسیان سەقامگیرەو چەمکی شەرانگێزی فراوانی نی یە بۆ ئەوەی ببێتە هۆیەك بۆ بەرپابوونی شەڕو ئاژاوە، هەروەکو ولآتی هۆلەندا بەرانبەر بەمە رووسیا ژمارەی دانیشتوانی کەم بوو ئەو کاتەی هەردوو شۆڕشی ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ ی تیا هەڵگیرسا. هەر لەبەر ئەم هۆیانە تیوری(مالئۆس) پووچەڵ کرایەوە کەم کەس هەیە پاڵپشتی لێ بکات تەنیا هەندێ دام و دەزگای ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبێت. ژمارەی دانیشتوان زۆر جاران کاردەکاتە سەر پێك هێنان و یەکگرتنی کۆمەڵگەی سیاسی و بوونی کۆمەڵانی دانیشتوان کە جیاوازن لەبواری نەتەوەیی و ئاین و زمان، لەوانەشە ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی دام و دەزگاکانی سیاسی سەقامگیری بن و کاربکەنە سەر ژیانی رۆژانەی سیاسیان ئەم دیاردەیەش لەولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سویسراو بەریتانیا زۆر بەزەقی بەدیار دەکەون.

بەپێچەوانەوە لەهەندێ وولاتی تردا کەمینەیەك حوکم دەگرنە دەست و خۆیان دەسەپێننە سەر هەموو کاروبارەکانی ژیانی رۆژانەی شۆڕش و هاولاتیان ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ هەلگیرسانی شۆڕش و کودەتاو ئاژاوە و پشێوی هەروەك لەولاتانی تازە پێگەیشتوو. لەلایەکی تر پەیوەندی نێوان دانیشتوان و هێزە سیاسیەکان لەتوانای هەموو رژێمێك دا هەیە بۆ ئەوەی هێزەکانی سیاسی ناو ولات دیاری بکات، بەلام لەسەر بنەمای زانستی و بەگوێرەی سەرژمێرێکی گشتی ژمارەی چینە کۆمەلایەتییەکان دەستنیشان بکات ئەم کارەش بەشێوەیەکی تایبەتی کاتی هەلبژاردن دەبێتە پێویستیەکی زۆر گرنگی لەپێشینەو بایەخ دار ئەو کاتەی هاولاتیان دەنگ دەدەنە حیزبە سیاسیە رکابەرەکان.

بێگومان پێویستە لێرەدا هێزە سیاسیەکان پێك هاتی دانیشتوان و تێڕوانینی ئەم خەلکە زۆرەیان لەبەر چاو بێت وەك بابەتی رەگەزو تەمەن و کارەکانیان و شوێنی کۆمەلاتیەتیان و ئەو شویچنە جوگرافیەی تیایدا دابەش بوونە. لێرەدا شتێکی تریش دیچتە ناو ئەم باسە ئەویش رێژەی تەمەن درێژییە لەولاتە پێشکەوتووەکان ئەم رێژەیە زۆر بەرزە بەپێچەوانەی ولاتە دوواکەوتوەکان یاخوود تازە پێگەیشتوەکان ، لێکۆلینەوەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کەپیرەکان هەمیشە خۆیان دوور دەخەنەوە لەگۆڕانکاری و لایان پەسندە دام و دەزگاکان هەروەکو و خۆی بمێنێتەوە... بەلام لاوەکان داوای گۆرانکاری و کرداری شۆڕش دەکەن لەبەر ئەمە زۆر لەنووسەران وولاتە پێشکەوتووەکان بەوولاتانی پارێزگار

ناو دەبەن کەچی وولآتە تازە پێگەیشتووەکان داخوازی گۆرانکاری بنەڕەتی دەکەن ئەم هۆیەش دەبێتە هاندەرێك بۆ ململانێی سیاسی توند لەشێوەی شۆڕش و کودەتای سەربازی.

زۆربەی سەرکردەکانی جیهانی ئەوانەی رابەرایەتی شۆڕشیان کردووە یاخوود بەردەوامن تەمەنیان لەسێ سالّ تاوەکوو چلّ سالّ دەبێت ، لەبەر ئەم هۆکارانەی باس کران دانیشتوان رۆڵێکی تایبەتی هەیە لەلایەن هەر رژێمێك لەکاتی بریار دانی سیاسی و بەستراوەتەوە بەچەند بوارێکی تری ئەم بابەتە.

کورتە باسێك دەربارەی مێژووی دەستوور

پێش هەموو شتێ ووشەی دەستور لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەمانای دامەزراندن یان پێك هاتن دێ، بەڵام لەبنەڕەتدا ووشەی دەستوور فارسی یە و ئاماژەیەکە بۆ حوکمڕانیەت دەست یەکێ لەئەندامەکانی لەش پێك دێنێ/ور/ ببەمانای خاوەن دێ . دەستور یەکێ لەبنەما گرنگەکانی فەلسەفەی رژێمە سیاسیەکانی ئێستایە لەرێگا دەستورەوە دەتوانین تارادەیەکی زۆر ناوەرۆکی رژێمەکانی سیاسی دیاربکەین ، هەموو وولاتێك دەستوری خۆی رادەگەیەنێ هەر چەندە جیاوازییەك لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ ، چونکە سەرچاوەکانی حوکم نیشان دەدا و پەیوەندی دەسەڵات بەهاولاتیان و ئەرکەکان و مافەکانیان تیادا نوسراوە، ئێستا لەهەموو جیهان ناسراوەو لەلایەن دەولەتان وەکوو دیاردەیەکی ئاشکرا پەسند دەکرێ بەتایبەتی دوای بەرپابوونی هەردوو شۆڕشی ئەمەریکی و فەرەنسی لەکۆتایی سەدەی هەژدە، مێژووی سەرهەڵدانی دەستوورر بۆ یۆنانیەکان و شاری رۆما دەگەرێتەوە کە دەستێکی باڵایان لەدەرچوونی و سەرەتای پەیدابوونیەوە هەبووەو وەکو بناغەیەك بەڵام دوای چەند گۆرانکاریەك وپێش کەوتنی هەمەجۆر کەبەسەر ژیانی مرۆڤایەتی داهات دەستوریش دووچاری گۆرانکاری هات.

سەدەی هەژدەیەم بەسەدەی زێرین دادەنرێ لەبەر ئەوەی ئەم سەدەیە سەدەی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی تازەو بەسەدەی گەشبین لەقەڵەم دەدرێ. چونکە دەرگایەکی والاکردەوە بۆ ئەوەی تەنگو چەڵەمەکان بەرێگایەکی

گونجاو چارەسەر بکرێن دەستوریش وەك رێکخەرێکی پتەو بۆ جێ بەجێکردنی کاروباری دەسەلاّت هاتە کایەوە بۆ جگە لەمەش بۆ ئەوەی مافەکانی هاولاّتیان بپارێزێ. گومانی تێدانیە پەیدابوون و دانانی دەستوور لەلایەن رژێمە سیاسیەکانەوە جەخت لەسەر بوونی سەربەستی سیاسی و بیرورای ئازادی و لایەنەکانی دیموکراتیەت دەخاتە روو- هەرچەندە دەستوورەکانی هەندێ رژێمی سیاسی هەر بۆ تەنها خزمەتی تاکە کەسێك یاخود کەمینەیەك تەرخانکراو وەك دەستورەکانی ئەلّمانیای نازی و ئیتالیای فاشی، زۆربەی دەستورەکانی رژێمە سیاسیەکانی ولاّتانی جیهانی سێ یەم ناوەرۆکی خۆیان ونکردووە لەمەڕ پەیوەندیەکانی نێوان دەسەلاّتداران و هاولاّتیان و پابەندبوونی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی فەرامۆش کردووە، تەنها خزمەتی مانەوەی دەسەلاّتی سیاسی دەکا.

لێرەدا پێویستە خالێکی گرنگ دەستنیشان بکرێ ئەویش ئەوەیە دەستوور پەیوەندیەکی تەواوی بەبارودۆخی کۆمەلاّیەتی و ئابوری ئەو ولاّتەوە هەیە کەرژێمە سیاسیەکەی دیاری دەکا. پاشان چەند هۆکارێکی گرنگ هەن رۆلێکی تایبەت لەسەقامگیری و پتەوبوونی کرداری دەستوور دەگێرن لێرەشدا ولاّتانی ئەوروپی بەنموونە دەهێننەوە ، چونکە دەستووریان لەشێوەیەکی هەمیشەیی دایە. بارودۆخی جوگرافی و سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئەم ولاّتانە هاتنە دی وەك ولاّتانی نەتەوەیی لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافیایی نزیك یەکتر ئەمەشیان کاردەکانە سەر ژیانی سیاسی ولاّتان بۆ نموونە / ولاّتانی ئەوروپی هەست بەبوونێکی نەتەوەیی

تەواو دەکەن لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانیان لەیەکەوە نزیکن ئەم بارە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ وولآیەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیە کە لەچەندەها رەگەزی جیا جیا پێك هاتووە و کاردەکەنە سەر پێك هاتەی نەتەوەیی، هەروەها ولآتانی ئەوروپی لەرووی زمانەوانیەوە یەکەیەکی زمانی یەکگرتوویان هەیە تەنها سویسرا نەبێت کە چوار زمانی تێدا هاوبەشە ، جگە لەمانەش ژیان و گوزەرانی زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵگاکان لەیەکتر دەچیّ. خالێکی تریش ئەم ولآتانە لەیەکتر نزیك دەکاتەوە ئەویش مام ناوەندی ئاوو هەوایە کە کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر جولآنەوەو کارکردنی هاولآتیان . لایەنێکی تریش هەیە ئەویش لایەنی رۆڵی ئاینیە ، ئاینی رەسمی لەئەوروپا مەسیحیەتە هەرچەندە ئاین ئێستا رۆلێکی ئەوتۆ ناگێڕیّ بەلآم رێگای پرۆتستانیەت بەپێچەوانەی کاسۆلیکیەکان جەخت لەپەیوەندی نێوان تاکە کەس و خوای گەورە دەکا. بیّ ئەوەی ناوبژیەك لەنێوانیاندا هەبیّ لێرەدا شتێکی سەیر نیە زۆربەی دەستوری ولآتانی ئەوروپی دان بەمافەکانی تاکە کەسی دەنێن. جگە لەمانەش لایەنی رۆشنبیری کە پەیوەستە بەبلآوبوونەوەی خوێندەواری و هۆشیاری سیاسی خەڵکان بۆ ئەوەی داکۆکی لەمافە سیاسیەکانی خۆیان بکەن، ئیدی گەلیّ هۆکاری تریش هەن رۆڵێکی گرنگ و بەبایەخ دەگێڕن بۆ ئەو کەسانەی خەریکی دانانی بڕگەکانی دەستورن. دەستور دیاردەیەکی سیاسی شارستانیەو دیدو بۆچوونی فەلسەفەی رژێمە سیاسیەکانی تێدا بەدی دەکریّ

سەرچاوەکان:

١- بلزاك و كۆميدياى مرۆڤايەتى / گۆڤارى (**دراسات عربية**

ژمارە / ١٢

٢- ئانا زيگر و دوو چيرۆكى زۆر كورت / گۆڤارى **الموقف الثقافي**

ژمارە /٧

٣- الرآي العام / مناف النقيب

نظرية الري العام / د. حامد ربيع

٤- (تۆنى مۆريسۆن)ى رۆماننووس / الشرق الاوسط / ٧٠٦٠

٥- الرأي العام /المؤلفه/ مناف النقيب

٦-نشاة الاحزاب السياسية/ المؤلفة طارق الهاشمي ١٩٩٨/١/٩

٧- جان جاك رسو / العقد الاجتماعى

هانس كلسن/ الديمقراطية طبيعتها وقيمتها

گاستۆن بوتۆل/ علم الاجتماع السياسي

كراهام والاس / الطبيعة البشرية في السياسة

موريس دوفرجيه/ المدخل الى علم السياسة

جورج بوردو/ الديمقراطية

٨- نشاة الآحزاب السياسية / طارق الهاشمي

٩- علم الاجتماع السياسي/ المؤلفة: د.صاق الاسود

١٠- نشاة الاحزاب السياسية — د. طارق الهاشمي

علم الاجتماع السياسي — د.صادق الاسود
الديمقراطية طبيعتها وقيمتها- هانس كلسن
الامير الحديث - انگونيوگرامش
١١- نشاة الاحزاب السياسية — د. طارق الهاشمي ١٩٩٧/١١/١٧
١٢- الرأي العام/ كتابة:مناف النقيب ١٩٩٧/٧/٧
١٣- علم الاجتماع السياسي/ الدكتور صادق الاسود
النشاط الجنسي وصراع الطبقات / رايمون رايش : ترجمة محمود عيتاني/ دارالادب بيروت
نحو ثورة جديدة/ هربرت ماركوز : ترجمة عبداللطيف شرارة / دار العودة ١٩٧١
١٤- العالم الثالث: تأليف بيترو وسلي- ترجمة :حسام الخطيب — دمشق ١٩٦٨
في الدكتاتورية : موريس ديفرجيه: ترجمة : الدكتور هشام المتولي- منشورات عويدان —بيروت ١٩٦٥
١٥- المجتمع الصناعي / منشورات عويدات/ ريمون ارون بيروت ١٩٦٥
ج. مايكود التغير الاجتماعي والتنمية اليونسكو/ ترجمة :محمود فتحي عمر
١٦- خؤشةويستي لةئةمةريكا/ رؤذنامةي الشرق الاوسط / ذمارة / ٦٤٧٧

﴿کورتەیەك لەژیانی وەرگێڕ﴾

❊ لەساڵی (١٩٥٨) لەشاری هەولێر لەدایك بووە

❊ هەر لەم شارە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردوە.

❊ دەرچووی کۆلیژی یاسا و رامیاری زانکۆی بەغدایە لەساڵی(١٩٨٣)

❊ ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە

❊ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە

❊ ماوەی شانزە ساڵە لەبواری راگەیاندن کاردەکات و تائێستاش بەردەوامە

****

کتێبە چاپکراوەکانی:

١- دەربارەی رۆمان – ساڵی ٢٠٠٦

٢- مەینەتیەکانی جیهانی نووسین – ساڵی ٢٠١٠